# سووره‌تی به‌قه‌ره

## نوور و به‌ره‌که‌تی ژیانت

ناوی کتێب: سوورەتی بەقەرە نوور و بەرەکەتی ژیانت

ئامادەکردنی: ئەیـــاد فەهـمی

دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنـــوێن

دیزاینی تێکست: زەردەشـت کاوانی

نۆبەتی چاپ: دووەم ٢٠٢٣

چـاپ: نـاوەندی ڕێنـوێن

تیـــراژ: (١٠٠٠) دانـــە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە (١٥٨٩)ـی ساڵی (٢٠٢٣)ـی پێ دراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©

RENWEN

## ناوەندی ڕێنوێن

07511408868 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی کاسۆمۆڵ -
نهۆمی دووەم/ دوکانی ژمارە ٤٥

# سوورەتی بەقەرە

## نوور و بەرەکەتی ژیان

ئامادەکردنی

**ئەیاد فەهمی**

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ﴾

**خودا دۆست و پەنای ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هێناوە،**

**لەناو تاریکستانەوە دەیانبات بەرەو ڕووناکی...**

## پێشەکی

سوپاس بۆ خودا کە ئامادەکردنی ئەم کتێبەی بۆ ئاسان کردم، هەوڵمداوە بەرەکەت و فەزڵ و سوودەکانی سوورەتی بەقەرە بخەمە ڕوو، چۆن بەهرەمەندبیت لە فەڕ و بەرەکەتی ئەم سوورەتـە مەزنە، چۆن ژیانت پڕ بکـات لە ئاسوودەیی و ئارامی، لەگەڵ ئەمانەیشدا باسی ئەوەم کردووە چۆن دەبیتە ئەهلی ئەم سوورەتە، هەروەها سوورەتەکە داوای چیمان لێ دەکات و دەبێت چی لەخۆماندا بگۆڕین، دەتوانرێت هەزاران لاپەڕە لەسەر ئەم سوورەتە بنووسرێت، بەڵام ئەوەی من کردومە پوختەیەک و ڕێبەرێکی ناساندنیەتی لەگەڵ ئەوەی چۆن بەهرەمەندبین لە فەزڵ و فەڕ و بەرەکەتەکەی، بە پوختی باسم کردووە و تەنیا شتە صەحیح و دروستەکانم باسکردووە، دوور لە زیادەڕەوی و بابەتی لاواز و نادروست، ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ ئەوەی باشتر ئاشنابیت بە سوورەتی بەقەرە و پشتیوان بەخودا سوورەتەکە ببێتە هاوڕێی ڕۆژانەت و بەردەوام لەخزمەتیدا بیت، ڕوونم کردۆتەوە چۆن دەست گرتن بە ئەم سوورەتەوە بەرەکەتە و وازهێنان لێی حەسرەت و پەشیمانییە، لە کۆتاییدا شێوازی لەبەرکردنی سوورەتی بەقەرە و خشتەیەک بۆ باشتر تێگەیشتن لە سوورەتەکەم باسکردووە...

له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌یشدا له چه‌ند لاپه‌ڕه‌یه‌كدا باسی سوود و به‌ره‌كه‌تی زیكری به‌یانیان و ئێواران و سه‌ڵاواتی ئیبراهیمی و سووره‌تی فه‌له‌ق و ناسم كردووه، بۆ ئه‌وه‌ی به ته‌واوی ڕۆژه‌كه‌ت پڕ بێت له زیكر و یادی خودا، بۆ ئه‌وه‌ی پارێرزاوبیت و ببێته قه‌ڵایه‌كی پته‌و بۆت.

داواكارم به‌خێرایی كتێبه‌كه نه‌خوێنیته‌وه یان چه‌ند جارێک كتێبه‌كه بخوێنه‌وه، دوای خوێندنه‌وه‌ی كتێبه‌كه ئه‌و زیكر و دوعایانه بنووسه‌وه كه باسم كردووه و پشتیوان به‌خودا ڕۆژانه بیانخوێنه‌وه و له‌به‌ریان بكه، بۆ ئه‌وه‌ی ژیانت پڕ بێت له ئاسووده‌یی و دڵخۆشی، پارێزراوبیت له شه‌ڕی مرۆڤه‌كان و شه‌یتان و چاوپیس و حه‌سووده‌كـان...

ئه‌م كتێبه ته‌نیا بۆ خوێندنه‌وه نییه، به‌ڵكوو بۆ ئه‌وه‌یه دوای خوێندنه‌وه‌ی كۆمه‌ڵێک عیباده‌ت و زیكری نوێ بێتـه ناو ژیانته‌وه، تۆش هه‌ر به‌م نیه‌ته بیخوێنه‌وه و داوا له‌خودا بكه كار پێی كردنیت بۆ ئاسان بكات و ئه‌و فه‌زڵ و به‌ره‌كه‌تانه بكات به نسیـبت و ژیانت به‌ره‌و باشتربوون بگۆڕێت...

**ئه‌یاد فه‌همی سه‌نگاوی**

**٢٠٢٣/٦/٢**

## تایبەتمەندییەکانی
## سوورەتی بەقەرە

* لە ڕووی ڕیزبەندیەوە دووەم سوورەتی قورئانی پیرۆزە.

* لەڕووی دابەزینەوە سوورەتی هەشتا و حەوتەمینە.

* یەکەمین سوورەتە کە لە مەدینە دابەزیووە.

* ژمارەی ئایەتەکانی ٢٨٦ ئایەتە.

* درێژترین سوورەتی قورئانی پیرۆزە.

* درێژترین ئایەتی قورئانی تێدایە کە ئایەتی دەینە، ئایەتی (٢٨٢).

* لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێتە پارێزەری ئەو کەسەی خوێندویەتی.

* کۆتا ئایەت کە دابەزیووە لەم سوورەتەدایە.

﴿وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ٢٨١﴾

* مەزنترین ئایەتی قورئانی پیرۆزی تێدایە، کە (آيَةَ الكُرسيّ)یە، لەسوورەتەکەدا ئایەتی (٢٥٥)ە.

* بۆیە ناونراوە سوورەتی بەقەرە، چونکە تێیدا باسی مانگاکەی بەنی ئیسرائیل کراوە.

## بەشێك لە فەزڵەكانی سوورەتی بەقەرە

**١.** پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت:

(اقْرَءُوا سُورَةَ الْبَقَرَةِ فَإِنَّ أَخْذَهَا بَرَكَةٌ وَتَرْكَهَا حَسْرَةٌ وَلَا تَسْتَطِيعُهَا الْبَطَلَةُ) رواه مسلم.

واتە: سوورەتی بەقەرە بخوێنن، دەست پێوەگرتنی بەرەکەتە، وازهێنان لێی حەسرەتە، جادووگەرەكان زاڵ نابن بەسەریدا.

**٢.** پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی:

(مَن قرَأ الآيتينِ مِن آخِرِ سورةِ البقرةِ في ليلةٍ كفَتَاه) رواه مسلم

واتە: هەر کەسێک لەشەودا دوو ئایەتی کۆتایی سوورەتی بەقەرە بخوێنێت بەسیەتی.

**٣.** خوێندنی سوورەتی بەقەرە شەیتان لەماڵەکان دووردەخاتەوە:

پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ مَقَابِرَ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْفِرُ مِنْ الْبَيْتِ الَّذِي تُقْرَأُ فِيهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ)

واتە: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، شەیتان لەو ماڵە ڕادەکات کە سوورەتی بەقەرەی تێدا دەخوێنرێت.

٤. ئوبه‌ی كوڕی كه‌عب ده‌ڵێت، پێغه‌مبه‌ری خودا (ﷺ) پێی وتم: ئه‌ی ئه‌بو مونزیر، ده‌زانیت مه‌زنترین ئایه‌تی قورئانی پیرۆز كامه ئایه‌ته‌؟ وتم: خودا و پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی ده‌زانن! فه‌رمووی: ده‌زانیت مه‌زنترین ئایه‌تی قورئانی پیرۆز كامه ئایه‌ته‌؟ وتم:﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ﴾ دای به‌ سینه‌مدا و فه‌رمووی: زانستت لێ پیرۆزبێت!

٥. سووره‌تی به‌قه‌ره‌ له‌ ڕۆژی قیامه‌تدا ده‌بێته‌ تكاكارت:

ئه‌بو ئومامه‌ (رضي الله عنه) ده‌فه‌رموێت: گوێم له‌ پێغه‌مبه‌ری خودابوو (ﷺ) ده‌یفه‌رموو: (اقْرَءُوا الْقُرْآنَ فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لِأَصْحَابِهِ اقْرَءُوا الزَّهْرَاوَيْنِ الْبَقَرَةَ وَسُورَةَ آلِ عِمْرَانَ فَإِنَّهُمَا تَأْتِيَانِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَأَنَّهُمَا غَمَامَتَانِ، تُحَاجَّانِ عَنْ أَصْحَابِهِمَا) رواه مسلم

واته‌: قورئان بخوێنن چونكه‌ له‌ ڕۆژی قیامه‌تدا ده‌بێته‌ تكاكار بۆتان، (الزَّهْراوَينِ) بخوێنن سووره‌تی به‌قه‌ره‌ و سووره‌تی ئالی عیمران، هه‌ردوو سووره‌ته‌كه‌ له‌ ڕۆژی قیامه‌تدا وه‌ك دوو هه‌ور سێبه‌رت بۆ ده‌كه‌ن، له‌لای خودا تكات بۆ ده‌كه‌ن...

## ناوەکانی سوورەتی بەقەرە

**١. البقرة:** چیرۆکی مانگاکەی بەنی ئیسرائیلی تێدا باسکراوە، پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە فەرموودەکانیدا ئەو ناوەی بەکارهێناوە، فەرمووویەتی: (إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْفِرُ مِنْ الْبَيْتِ الَّذِي تُقْرَأُ فِيهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ) رواه مسلم.

**٢. الزهراء:** واتە نوور و ڕووناکی، ئەم ناوەی بۆ سوورەتی ئالی عیمرانیش بەکارهێناوە، بۆیە بەم ناوەوە ناونراوە چونکە ڕێگای هیدایەتی دونیا و قیامەت ڕووناک دەکاتەوە، پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووویەتی:

(اقْرَءُوا الزَّهْرَاوَيْنِ الْبَقَرَةَ وَسُورَةَ آلِ عِمْرَانَ)

**٣. سَنَام القرآن:** واتە لوتکەی قورئان، ئەو وشەیە بۆ شتێک بەکاردێت لە شوێن و پێگەدا لە لوتکەدا بێت، پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (إنَّ لِكُلِّ شَيْءٍ سَنَامًا، وإنَّ سَنَامَ القرآنِ سورةُ البقرةِ) واتە: هەموو شتێک لوتکەی هەیە، لوتکەی قورئانیش سوورەتی بەقەرەیە...

## چۆن ببینە ئەهلی سوورەتی بەقەرە و لەوانە بین کە کاریان پێی کردووە(١)

١. بۆ فەرمانەکانی خودا بڵێین (بیستمان و گوێڕایەڵیمان کرد) ئاگاداربین لە (بیستمان و سەرپێچیمان کرد).

٢. پەیوەست بین بە قورئانی پیرۆزەوە، بە کارکردن و تێڕامانەوە، بۆ ئەوەی بگەین بە ڕێگای هیدایەت و دووربین لە گومڕایی...

﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢﴾

٣. خۆمان بڕازێنینەوە بە سیفاتی لەخواترسەکان، کە بریتیە لە:

باوەڕهێنان بە غەیب، نوێژکردن، بەخشین، باوەڕهێنان بە ئەوەی پێغەمبەری خودا هێناویەتی لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەرانی پێشوو پێی هاتوون، باوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی. ﴿ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ ......وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ٣﴾

٤. خۆمان بپارێزین لە سیفاتی دووڕووەکان، کە بریتیە لە:

---

(١) بڕوانە کتێبی: زوایـــا و خـــرائط سور القرآن الكريم، لاپەڕە:٦٥، ئامادەکردنی: موحەممەد سەید ماضی. بە کەمێک دەستکاریەوە وەرگێڕانم بۆی کردووە.
تەفسیری ئایەتەکانم نەهێناوە بۆ ئەوەی خۆت بچیتەوە سەری و سوودی زیاتر وەربگریت...

سووربوون له‌سه‌ر تاوان، دان نه‌نان به هه‌ڵه‌دا، وا ده‌رده‌خه‌ن كه چاكسازن به‌ڵام خراپه‌كارن...ئه‌م سیفاتانه له ئایه‌تی ٨ بۆ ٢٠ باسكراوه.

٥. دووربین له لوتبه‌رزی و خۆبه‌گه‌وره‌زانین چونكه ئه‌مه تاوانی ئیبلیسه،

﴿فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ وَٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ٣٤﴾

٦. فه‌رمانه‌كانی خودا جێبه‌جێ بكه‌ین و ئاگامان له فێڵ و وه‌سوه‌سه‌ی شه‌یتان بێت، وه‌ك چۆن شه‌یتان باوكمان ئاده‌می له‌خشته برد و وه‌سوه‌سه‌ی بۆ دروستكرد. ئه‌م باسه له ئایه‌تی ٣٥ و ٣٦ دا باسكراوه.

٧. ئاگامان له تاوان بێت، یه‌ك تاوان باوكمان ئاده‌می له به‌هه‌شت ده‌ركرد. ﴿فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ عَنۡهَا فَأَخۡرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ٣٦﴾

٨. وه‌ك باوكمان ئاده‌م له‌دوای ئه‌نجامدانی تاوان یه‌كسه‌ری ته‌وبه بكه‌ین.

٩. خه‌ڵكی ڕێنوێنی بكه‌ین بۆ كاری چاكه، به‌ڵام خۆمان بیر نه‌چێت:

﴿أَتَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبِرِّ وَتَنسَوۡنَ أَنفُسَكُمۡ وَأَنتُمۡ تَتۡلُونَ ٱلۡكِتَٰبَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ٤٤﴾

١٠. خۆمان به‌دووربگرین له‌و هه‌ڵانه‌ی به‌نی ئیسرائیل تێی كه‌وتون، كه ئایه‌تی ٤٠ بۆ ١٢٣باسی ئه‌و هه‌ڵانه ده‌كات.

**١١.** زۆر بەجوانی وشەکانمان هەڵبژێرین ﴿ وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسۡنٗا﴾

**١٢.** زۆر زیکری خودا بکەین و بەردەوام شوکرانەی بکەین:

﴿فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِي وَلَا تَكۡفُرُونِ﴾

**١٣.** لەکاتی بەڵا و ناڕەحەتیدا بڵێین: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ﴾

**١٤.** زۆر بیربکەینەوە و ڕابمێنین لە دروستکراوەکانی خودا:

﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ...١٦٤﴾

**١٥.** بۆ هەموو شتێک ڕێگای ئاسان و دروست بگرینەبەر:﴿وَأۡتُواْ ٱلۡبُيُوتَ مِنۡ أَبۡوَٰبِهَاۚ﴾

**١٦.** ئاگامان لە هەنگاوەکان و وەسوەسەکانی شەیتان بێت:

﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٌ ١٦٨﴾

**١٧.** گومانی باش بە خودا ببەین و ڕازی بین بەوەی پێمانی دەبەخشێت، گەرچی قورس و ناخۆشیش بێت بۆمان، چونکە هەموو بڕیار و قەدەرەکانی خودا خێر و باشەیە: ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ٢١٦﴾

**١٨.** دووربین لە مەی خواردنەوە و قورمارکردن:

﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثۡمُهُمَآ أَكۡبَرُ مِن نَّفۡعِهِمَاۗ ٢١٩﴾

**١٩.** لە هەر دۆخێکدا بووین پارێزگاری لەنوێژەکانمان بکەین:

﴿حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ٢٣٨﴾

**٢٠.** منەت نەکەین بەسەر ئەوانەی شتێکمان پێیان بەخشیووە، ئازاریان نەدەین، تەنیا چاومان لە پاداشتی خودا بێت: ﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتۡبِعُونَ مَآ أَنفَقُواْ مَنّٗا وَلَآ أَذٗى لَّهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٢٦٢﴾

**٢١.** ئاگامان لە ڕیبا بێت و لێی دووربکەوینەوە، ئایەتی ٢٧٥ بۆ ٢٧٩ باسی بابەتی ڕیبا دەکات.

**٢٢.** ئەگەر قەرزماندا بە کەسێک و دواتر لەبەر هەژاری نەیتوانی بیداتەوە، مۆڵەتی بدەین و ئارامبگرین لەسەری، یان لەبەشێک لە قەرزەکەی خۆشبین یان لە هەمووی. ﴿وَإِن كَانَ ذُو عُسۡرَةٖ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيۡسَرَةٖۚ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ٢٨٠﴾

**٢٣.** هەر فەرمانێک لەلای خوداوە هات یەکسەری گوێڕایەڵی بکەین و بڵێین:

﴿سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ﴾

## سوورەتی بەقەرە فێری کردم[١]

**١.** سوورەتی بەقەرە فێری کردم: پێویستە بەدەم فەرمانەکانی خوداوە بچین، بە تەواوی تەسلیمی بڕیارەکانی ببین، ملکەچ و گوێڕایەڵی بین.

**٢.** سوورەتی بەقەرە فێری کردم: ئەم قورئانە پیرۆزە بە هیچ جۆرێک گومانی تێدا نییە، نە لە دابەزینی، نە لە هیدایەت و ئەحکام و هەواڵەکانیدا:

﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ۝٢﴾

**٣.** سوورەتی بەقەرە فێری کردم: دووڕووەکان لە بێباوەڕەکان مەترسیان زیاترە بۆ باوەڕداران، خودا تەنیا دوو ئایەت باسی بێباوەڕەکان دەکات، بەڵام سیانزە ئایەت باسی دووڕووەکان دەکات، چونکە لەپشتەوە خەنجەر دەدەن لە ئیسلام.

**٤.** سوورەتی بەقەرە فێری کردم: خودا ڕێزی لە مرۆڤ ناوە، بەوەی فەرمانی کرد فریشتەکان سوجدە بۆ ئادەم ببەن، ناوی شتەکانی فێرکرد و لە زەویدا نیشتەجێی کرد.

---

(١) بـڕوانە کتێبی: زوایـا و خـرائط سـور القـرآن الكريم، لاپەڕە: ٦٢، ئامادەکردنی: موحەممەد سەید ماضی. بە کەمێک دەستکاریەوە وەرگێڕانم بۆی کردووە.

٥. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: باسکردنی بەنی ئیسرائیل و باسکردنی هەڵەکانیان تەنیا گێڕانەوەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە لێوەیان فێربین و هەڵەکانیان دووبارە نەکەینەوە.

٦. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: لە فەرمانەکانی خودا ڕۆنەچم و لەسەر خۆمی قورس نەکەم، زۆر بەدوای وردەکاریی حوکمەکاندا نەڕۆم، ئەگینا وەک چیرۆکی مانگاکەی بەنی ئیسرائیل لەسەرم قورس و گران دەبێت.

٧. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: ئەوانەی تەنیا دەزانن قورئان بخوێننەوە و لێی تێناگەن، وەک دەستەیەکن لە جووەکان، کە تەنیا تەوراتیان دەخوێندەوە و لێی تێنەدەگەیشتن: ﴿وَمِنۡهُمۡ أُمِّيُّونَ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ ٧٨﴾

٨. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: جووەکان خاوەن بەڵێنی خۆیان نین، جولەکە و گاورەکان ڕازی نابن لێمان هەتا نەچینە سەر دین و بەرنامەکەیان، دەبێت ڕووبکەینە خودا و خۆمان بە دوور بگرین لە خۆشەویستی و شوێنکەوتنیان... ﴿وَلَن تَرۡضَىٰ عَنكَ ٱلۡيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمۡۗ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۗ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم بَعۡدَ ٱلَّذِي جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ١٢٠﴾

٩. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: شەهیدەکان لەلای خودا زیندوون و نەمرن، ﴿وَلَا تَقُولُواْ لِمَن يُقۡتَلُ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتُۢۚ بَلۡ أَحۡيَآءٞ وَلَٰكِن لَّا تَشۡعُرُونَ ١٥٤﴾

**١٠.** سوورەتی بەقەرە فێری کردم: دونیا شوێنی تاقیکردنەوەیە: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٥٥﴾

**١١.** سوورەتی بەقەرە فێری کردم: دوعا و ڕۆژوو پەیوەستن بەیەکەوە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دوعای ڕۆژووەوان قبوڵە، هەربۆیە ئایەتی دوعا لەدوای ئایەتی ڕۆژووەوە هاتووە: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ١٨٦﴾

**١٢.** سوورەتی بەقەرە فێری کردم: موسڵمان چی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ موسڵمانەکانی تریش پێی خۆشە، سەروەتی کەسەکانی تر دەپارێزێت وەک چۆن سەروەتی خۆی دەپارێزێت، ﴿وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ ١٨٨﴾

**١٣.** سوورەتی بەقەرە فێری کردم: ئەو کەسەی بیەوێت بگات بە بەهەشت، ئیللا تاقی دەکرێتەوە ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ ٢١٤....﴾

**١٤.** سوورەتی بەقەرە فێری کردم: باشترین بەخشین ئەوەیە بیبەخشیت بە: دایک و باوکت، خزمەنزیکەکانت، هەژاران، ڕێبواران ﴿يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ۖ قُلْ مَآ أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ٢١٥﴾

**١٥.** سوورەتی بەقەرە فێری کردم: خودا ڕەحمی پێ کردوین و ئەو سوێندانەمان لەسەر هەژمار ناکات کە لەدڵەوە نییە:

﴿لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغۡوِ فِيٓ أَيۡمَٰنِكُمۡ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتۡ قُلُوبُكُمۡ﴿٢٢٥﴾﴾

١٦. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: بردنەوە و سەرکەوتن بە ژمارە نییە، بەڵکوو بە ئیمانە، هاوڕێکانی تاڵوت ژمارەیان هێندەی هاوەڵانی بەدربوو، بەڵام سەرکەوتن و باتڵیان لەناوبرد.

١٧. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: لەپێناوی خودادا ببەخشم، لەم سوورەتەدا لە یانزە ئایەت زیاتر بانگی کردم بۆ بەخشین و خێرکردن. ئەو شتانەی فێرکرم کە بەخشین بەتاڵ دەکاتەوە، کە منەتکردن و ئازاردانی کەسەکەیە، وەک چۆن فێری کردم شتە پاک و جوان و بەسوودەکانم ببەخشم. هەروەها فێری کردم بە پەنهانی ببەخشم باشترە بە ئاشکرا، چونکە نزیکترە لە ئیخلاسەوە و هەژارەکەیش ئیحراج ناکات. فێری کردم ئەو دەمەی خێرێک دەکەم خۆم سوودمەندی یەکەمم، خودا لێم ڕازی دەبێت، بەرەکەت دەکەوێتە سامانەکەمەوە، هەژاران دڵخۆش دەکەم ئەوانیش دوعا بۆ من دەکەن و خودا دڵخۆشم دەکات...

١٨. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: لەکاتی بەخشیندا شەیتان بە هەژاری دەمترسێنێت، ئەگەر شتێکی وابوو پەنادەگرم بە خودا لەشەڕی شەیتان و فەرمانی خوا جێبەجێ دەکەم و لەپێناویدا دەبەخشم: ﴿ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةٗ مِّنۡهُ وَفَضۡلٗاۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ﴿٢٦٨﴾﴾

١٩. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: سەختترین و تووندترین هەڕەشە لە قورئاندا بۆ ئەوانەیە مامەڵەی ڕیبا دەکەن ﴿فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ فَأۡذَنُواْ بِحَرۡبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ﴾

٢٠. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: نووسین زۆر گرنگە لە قەرزدا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى فَٱكۡتُبُوهُۚ ﴿٢٨٢﴾﴾

٢١. سوورەتی بەقەرە فێری کردم: پێویستە مرۆڤ شتێک نەخاتە ئەستۆی خۆی کە لەتوانایدا نییە، لەڕووی عیبادەت و لەڕووی کارەکانی دونیاشەوە: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا ﴿٢٨٦﴾﴾

# چەند پرسێکی گرنگ سەبارەت بە سوورەتی بەقەرە

دوای خوێندنەوەی زۆربەی فتواکان سەبارەت بە سوورەتی بەقەرە، گەیشتم بەم دەرئەنجام و حوکمانە:

١. مەرج نییە هەموو سوورەتەکە لە ڕۆژێکدا بخوێنیت، دەتوانیت بە چەند ڕۆژێک بیخوێنیت، بەپێی توانا و کاتی خۆت، گرنگ ئەوەیە خۆت لەو بەرەکەتەکە بێ بەش نەکەیت...یەکێک لەباشترین و پڕ بەرەکەتترین کاتەکانیش کاتی شەونوێژە، ئەگەر دەتوانیت لە شەونوێژدا بیخوێنە پشت بەخوا بەهرەمەند دەبیت لەو فەزڵە مەزنە...بەیەقینەوە سوورەتەکە بخوێنەوە نەک هەر بۆ تاقیکردنەوەت بێت و بڵێی سوودیشی نەبوو هیچ زەرەر ناکەم، بە دڵ بیخوێنە و باوەڕت بە بەرەکەتەکەی هەبێت دڵنیابە دەروون و ژینت دەگۆڕێت...

٢. دروستە سوورەتی بەقەرە لەماڵدا لێ بدرێت بە موبایل بێت یان هەر ئامێرێکی تر، دەبێتە هۆی ئەوەی ماڵەکە پڕ بەرەکەت بێت و دووربێت لەکێشە، شەیتان لەو ماڵە ڕادەکات، بەڵام بەرەکەت و پاداشتەکەی وەک ئەوە نییە خۆت بیخوێنیت و لەئایەتەکانی ڕابمێنیت، دەتوانیت شەوان کە خەوتیت بیخەیتە سەر سوورەتی بەقەرە و هەتا دەمەو بەیان ئیش بکات، لەڕۆژیشدا بەپێی توانای خۆت سوورەتەکە بخوێنەوە...

٣. ئەگەر سوورەتی بەقەرە بۆ مەبەستێکی دونیایی دەخوێنیت، هەوڵدە سەرەتا لەپێناوی خودا و لەبەر ئەو بیخوێنیت، هەر داوای فەڕ و بەرەکەتی سوورەتەکەیش لە ئەو بکە، پشت بەخوا نائومێدت ناکات و ئەگەر خێری تێدا بێت شتەکە دەهێنێتە ڕێت، بۆ بەدەستهێنانی هەر شتێک سەرەتا داوا لەخودا بکە لێت خۆشببێت، چونکە لەوەیە تاوانەکانت ڕێگربن لەوەی چەندین بەخششی خودات پێ بگات...هۆکارەکان بگرە بەر و پشت بە خودا ببەستە، بیرت بێت هەندێ جار وەڵامدانەوەی دوعاکانت ئەوەیە ئەو شتە بۆتۆ نەبێت، خێر لەوەدایە ئەو شتە نەبێت بە هی تۆ، لەمە تێ بگە بۆ ئەوەی دڵت ئارام بێت...

٤. دەتوانیت سوورەتی بەقەرە وەک ڕوقیە بەکار بهێنیت و بەسەر بەشێک لەجەستەتدا بیخوێنیت، یان (آيةَ الكُرسيّ) بخوێنیت و دواتر فوو بکەیت بە دەستتدا و دەستت بهێنیت بەسەر هەموو جەستەتدا، دەتوانیت چەند جارێک (آيةَ الكُرسيّ) بەسەر منداڵەکانتدا بخوێنیت بۆ ئەوەی لەشەڕی چاوپیسی و جادوو پارێزراوبن...یان حەوت جار سوورەتی فاتیحە بەسەر شوێنی ئازارەکەتدا بخوێنە، یان سوورەتی فەلەق و ناس بخوێنە...هەموو ئەمانە بە بەڵگەی ڕاست و دروست بۆ ڕوقیە دەبن، هەتا دەتوانیت خۆت ڕوقیە بۆ خۆت بخوێنە، خۆت بە دوور بگرە لەوانەی بەناوی خوێندنەوەی ڕوقیە بوونەتە بازرگان و ئەگەر نزیکیان بکەویت تووشی هەڵە و تاوان دەبیت، بۆ ئەوەی خۆت و ئیمانت سەلامەت بن خۆت ڕوقیە بۆ خۆت بکە، خۆت نەفس و ماڵەکەت لەو شتانە پاک بکەرەوە کە ژیانت دەشێوێنێت، پشت بەخوا دواتر ژیانت پڕ دەبێتەوە لە بەرەکەت و ئارامی...

٥. ڕاستە سوورەتی بەقەرە شەیتان لەماڵەکان ڕاودەنێت، بەڵام ئاممان بەکردەوەی تر ماڵەکەت پڕ مەکەرەوە لە شەیتان، کاتێک هاتیتەوە بۆ ماڵ (بسم الله) بکە، کاتی نانخواردن (بسم الله) بکە، با لەماڵ و ژوورەکەتدا وێنە و پەیکەر و ورچ و بوکەڵە هەڵنەواسرابێت، هەوڵدە تەماشای کەناڵی خراپ نەکرێت، ئەگەر دوور بیت لەو شتە خراپانە ماڵەکەت پڕ دەبێت لە ڕەحمەت و بەرەکەت و فریشتە....

٦. مەرج نییە هەموو جارێک بەرەکەتی سوورەتی بەقەرە بە چاو ببینرێت، لەوەیە بووبێتە هۆی دورخستنەوەی بەڵایەک یان چەندین نیعمەتی بۆ پاراستووی بێ ئەوەی خۆت بزانیت، هەر ئەوەی خوا بۆی ئاسان کردویت سوورەتەکە بخوێنیت گەورەترین بەرەکەت و نیعمەتە، بێگومان گەورەترین نیعمەت کە خودا پێت ببەخشێت ڕازیبوونتە بەوەی پێی بەخشیویت...

٧. بۆ ئەوەی بەهرەمەند بیت لە فەزڵ و بەرەکەتی سوورەتی بەقەرە، هەوڵدە تەنیا خوێندنەوەی سوورەتەکە بەشت نەبێت، بەڵکوو بەلایەنی کەمەوە چەند جارێک بە تەفسیرەوە بیخوێنەوە، بزانە ئایەتەکانی داوای چیت لێ دەکەن لەخۆتدا جێبەجێی بکە، باسی هەر هەڵەیەک کراوە خۆتی لێ بەدووربگرە، پەند وەربگرە لە هەڵەکانی بەنی ئیسرائیل و شەیتان و گەلەکانی تر...

٨. خوێندنی ڕۆژانەی سورەتی بەقەرە لەگەڵ خەتمکردندا دژی یەک نین، دەتوانیت لە خەتمی خۆت بەردەوام بیت، ڕۆژانەیش کاتێکی دیاریکراوت هەبێت بۆ خۆێندنەوەی سوورەتی بەقەرە.

**٩.** ئەگەر لەکاتی خوێندنەوەی سوورەتی بەقەرەدا تووشی بێزاری هاتیت، ئارامبگرە و بەردەوام بە، پشت بەخودا بە تێپەڕبوونی کات و وابەستەبوونت بە سوورەتی بەقەرەوە ئەو بێزارییە دەبێتە ئارامی و دڵخۆشی...

**١٠.** هەر شتێک لە ژیانتدا ڕوودەدات یەکسەری مەڵێ چاوم لێدراوە یان سیحرم لێکراوە، ڕاستە هەردوو شتەکە کاریگەرییان هەیە، بەڵام هەندێ جار هۆکاری ڕوودانی شتێکی ناخۆشی ژیانمان پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە، لەوەی کەمتەرخەمبووینە لە ئەنجامدانیدا و بەجوانی کارەکەمان ڕانەپەڕاندووە، یان هۆکارەکەی تاوانی خۆمانە و بووە بە هۆکاری ئەوەی نیعمەتێکمان لەدەست بچێت، یان نهێنی ژیانمان لەلای کەسی حەسوود باسکردووە، یان بەوجۆرە خێری تێدایە بۆمان، هەموو ئەمانە بەپێی دۆخی کەسەکە دەگۆڕێت، هەموو شتێک مەبەنەوە سەر سیحر و ئارامی ژیانت مەشێوێنە و لە خودی خۆتدا بەدوای هۆکارەکاندا بگەڕێ و هەوڵبدە چارەسەری بکەیت، ڕۆژانە زیکری بەیانیان و ئێواران بخوێنە، سێ قولەکەی کۆتایی قورئان بخوێنە، نوێژەکانت لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدە، لەگەڵ دایک و باوکت باشبە، ژیانی ڕۆژانەت بۆ کەس باس مەکە و لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا وێنە و دەرچوونەکانت بڵاومەکەرەوە...

١

سوورەتی بەقەرە گەنجینەیەکی بە بەهایە،
تەنیا ئەوانە پەی پێ دەبەن کە بەردەوام لەخزمەتیدان...
مەرج نییە هەمووی بەیەک ڕۆژ بخوێنیت،
فەرموودەکە بەم شێوەیەیە: (دەست پێوەگرتنی بەرەکەتە)
بەهەموو جۆرێک لە جۆرەکان بەرەکەتە،
جا بە ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک بیخوێنیت،
گرنگ ئەوەیە خۆت لەو فەزڵە بێ بەش نەکەیت...

٢

هەر کەسێک قورئانی فەرامۆش کردووە،
یان تەمەڵی دەکات لە وانەی قورئاندا،
با ماوەیەک پەیوەست بێت بە خوێندنی سوورەتی بەقەرەوە،
بە فەزڵی خودا خۆشەویستی قورئان لەدڵیدا جێگیر دەبێت.

٣

لەبەرکارێکی قورئان دەڵێت:

ماوەی سیانزە ساڵ هەوڵم دەدا قورئان لەبەر بکەم و

بۆم ئاسان نەدەبوو،

گەرچی زۆربەی ڕێگاکانم گرتبووە بەر،

گەیشتم بە لەبەرکارێکی قورئان و لێم پرسی:

چۆن قورئان لەبەر بکەم؟

پێی وتم: زۆر سوورەتی بەقەرە بخوێنەوە!

سەیرم لە قسەکەی هات، بەڵام ئامۆژگارییەکەیم وەرگرت،

ڕۆژانە سوورەتی بەقەرەم دەخوێندەوە،

لەماوەی یەک ساڵدا خودا لەبەرکردنی قورئانی بۆ ئاسان کردم و

بووم بە لەبەرکاری هەموو قورئانی پیرۆز،

سوپاس بۆ خودا کارەکە زۆر ئاسانبوو،

ئیتر هەر کارێک لەسەرم قورس بوایە،

پەیوەست دەبووم بە خوێندنەوەی سوورەتی بەقەرە،

هەتا خوای گەورە دەروویەکی لێ دەکردمەوە...

(دەست گرتن پێوەی بەرەکەتـە)

٤

هەر کەسێک ناتوانێت هەموو قورئان لەبەر بکات،

با سوورەتی بەقەرە و ئالی عیمران لەبەر بکات،

ئەنەسی کوڕی مالیک (رضيَ اللهُ عنهُ) دەفەرموێت:

ئەگەر کەسێک لە ئێمە سوورەتی بەقەرە و ئالی عیمرانی لەبەر بوایە،

پلە و پێگەی بەرز دەبوویەوە لەلامان...

٥

کە خودا خوێندنەوە و لەبەرکردنی سوورەتی بەقەرەی بۆ ئاسان کردیت،

ئەوا بزانە خودا سەری خستویت،

کاری بۆ ئاسان کردویت، سینەی فراوان کردویت...

٦

شه‌یتان له‌و ماڵه ڕاده‌كات سووره‌تی به‌قه‌ره‌ی تێدا بخوێنرێت، ئه‌ی چۆن له دڵ و ڕۆحت ڕاناكات ئه‌گه‌ر بیخوێنیت!

٧

پێغه‌مبه‌ری خودا ﷺ ده‌فه‌رموێت:

(ماڵه‌كانتان مه‌كه‌ن به گۆڕستان،

شه‌یتان له‌و ماڵه ڕاده‌كات سووره‌تی به‌قه‌ره‌ی تێدا بخوێنرێت)

شێخ عوسه‌یمین ده‌فه‌رموێت:

واته ئه‌گه‌ر له ماڵه‌كه‌تدا سووره‌تی به‌قه‌ره خوێندرا،

شه‌یتان ڕاده‌كات لێی و نزیكی نابێته‌وه،

هۆكاره‌كه‌ی ئه‌وه‌یه له سووره‌تی به‌قه‌ره‌دا (آيةَ الكُرسيّ) هه‌یه...

## ٨

هەموو شەوێک ئەمانە بخوێنە:

١. (آيةَ الكُرسيّ): چونکە بەردەوام لەلایەن خواوە پارێزەرێکت هەیە،

شەیتان نزیکت ناکەوێت هەتا بەیانی.

٢- سوورەتی ئیخلاس ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾

٣- دوو ئایەتی کۆتایی سوورەتی بەقەرە. (هەر کەسێک بیخوێنێت بەسیەتی)

وتراوە: پارێزەریەتی لە شەیتان و بەڵای خراپ.

وتراوە: وەک ئەوە وایە شەوەکە شەونوێژی کردبێت.

ئیمامی شەوکانی دەفەرموێت: هیچ ڕێگریەک نییە

مەبەستی هەموو ئەو شتانە بێت، فەزڵی خودا مەزن و فراوانـە...

٩

هەر کەسێک دەیەوێت بەرەکەت بکەوێتە کاروباری ژیانیەوە،
با دەست بگرێت بە سوورەتی بەقەرەوە، چونکە لەوەدا بەرەکەت هەیە.
هەروەها با زۆر سەڵاواتی ئیبراهیمی دووبارە بکاتەوە،
چونکە داوا دەکات خودا بەرەکەت بڕژێنێت بەسەر پێغەمبەردا ﷺ،
هەر کەسێک داوای بەرەکەت بۆ ئەو زاتە بکات،
خودایش بەرەکەت دەڕژێنێ بەسەریدا...

١٠

– مامۆستا، باسی سوورەتی بەقەرەم بۆ بکە؟
– ئەوە سوورەتێکە، ئەگەر ئارام نەگریت و
ویستت بەزویی کارەکەت بکەوێت بەلایەکدا،
ئەوا پێویستە وابەستەی خوێندنەوەی ئەو سوورەتە ببیت!

## ١١

بۆ ئەوەی ڕۆژانە سوورەتی بەقەرە بخوێنیتەوە،
دوو جۆر خشتە هەیە،
یەکەم بەپێی ژمارەی لاپەڕە،
دوای هەر نوێژێک دە لاپەڕە دەخوێنیت...

بەپێی ئایەتەکانیش بەم شێوەیە دەبێت:
نوێژی بەیانی: ئایەتی ١ بۆ ٥٨
نوێژی نیوەڕۆ: ئایەتی ٥٨ بۆ ١١٨
نوێژی عەسر: ئایەتی ١١٨ بۆ ١٧٦

نوێژی مەغریب: ئایەتی ١٧٦ بۆ ٢٣٣
نوێژی عیشا: ئایەتی ٢٣٣ بۆ کۆتایی سوورەتەکە...

- دەست گرتن بەسوورەتی بەقەرەوە بەرەکەتە.
- ڕێنمایی کەسێک بکەیت بۆ کارێکی چاکە،
وەک ئەوە وایە خۆت ئەنجامت دابێت...

## ١٢

هەوڵ بدە  زۆرترین جار سورەتی بەقەرە بخوێنیتەوە،

چوونكە باشترین و مەزنترین چارەسەرە

بۆ كێشە دەروونی و جەستەییەكانت،

خوێندنی بەرەكەتە، وازهێنان لێی حەسرەت و پەشیمانییە.

پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرمووێت:

(شەیتان لەو ماڵە ڕادەكات،

كە سورەتی بەقەرەی تێدا دەخوێنرێت...)

## ١٣

سوورەتی فاتیحە شیفابەخشـە،

سوورەتی بەقەرە بەرەکەتە،

سوورەتی مولک ڕزگارکەرە لە سزای ناوگۆڕ،

سوورەتی فەلەق و ناس قەڵایەکی پتەوە،

دوو ئایەتی کۆتایی بەقەرە،

خوێنەرەکەی لە خراپە دەپارێزێت...

ئەی دەبێت حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت،

کە هەموو قورئان لە سینەیدایە...

## ١٤

ئەگەر سوورەتی بەقەرە لەبەر بکەیت،

ئەوا درێژترین سوورەتی قورئانت لەبەر کردووە،

ئەگەر بەدوایدا سوورەتی ئالی عیمران لەبەر بکەیت،

ئەوا پاداشت و تکای(الزَّهْراوَينِ) بەدەست هێناوە!

هەردوو سوورەتەکە لە ڕۆژی قیامەتدا

وەک دوو هەور سێبەرت بۆ دەکەن،

لەلای خودا تکات بۆ دەکەن...

ڕۆژەکان تێدەپەڕن و ئایەتەکان لە ئاوەزتدا جێگیر دەبن،

لەبەرکردنەکەت زیاتر دەبێت و بەردەوام دەبیت،

هـەتا تاجی ڕێز دەخرێتە سەری خۆت و دایک و باوکت...

## ١٥

هەوڵبدە زۆرترین جار سوورەتی بەقەرە بخوێنیتەوە،
چونکە باشترین و مەزنترین چارەسەرە
بۆ کێشە دەروونی و جەستەیەکانت،
(خوێندنی بەرەکەتە، وازهێنان لێی حەسرەت و پەشیمانییە)

## ١٦

لە ڕووی دەروونییەوە: بۆ ئەوەی بە ئارامی بخەویت،
پێش خەوتن بیخە سەر سوورەتی بەقەرە،
بە دەنگی ئەو قورئانخوێنەی کە حەزت لە دەنگیەتی،
پاشان چاوەکانت دابخە و بخەوە...

## ١٧

ئافرەتێک دەڵێت:

ماڵەکەمان پڕبووبوو لە کێشە وشوێنی خەم و خەفەتبوو،

منداڵەکانم بەردەوام پێکەوە شەڕیان دەکرد،

بچوکترین ناکۆکی دەبووە شەڕێکی گەورە،

من و مێردەکەم بەردەوام ناکۆک بووین....

ئەم دۆخە ئاوا بەردەوامبوو هەتا خودا

خوێندنی سوورەتی بەقەرەی بۆ ئاسان کردم،

هەموو ڕۆژێک ئەو سوورەتە دەخوێنم،

ئێستا ماڵەکەمان پڕە لەئارامی،

ئاسوودەیی و میهرەبانییەکی زۆر لەنێوانماندایە و

سوپاس بۆ خودا لەخەم و کێشە بەدوورین...

١٨

– هەرکەسێک ماوەیەکی زۆر سورەتی بەقەرە بخوێنێت،
چەندین شتی سەرسوورهێنەر دەبینێت لە ژیانیدا،
دەبینێت ڕۆزیی زیاد بووە، تەمەن و کاتی پڕ بەرەکەت بووە،
جەستەی تەندروستتر بووە.

کەسێک دەڵێت: ماوەیەک سورەتی بەقەرەم زۆر دەخوێندەوە،
خودا شیفای دام، لە ناڕەحەتییەکان ڕزگاری کردم،
بەرەکەت لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێ دەکردم،
ژیانێکی بەختەوەرم بەڕێ دەکرد...

کەسێک دەڵێت: ماوەی دوو مانگ
لە شەونوێژدا سورەتی بەقەرەم دەخوێند، نوێژی چێشتەنگاوم دەکرد،
دواتر خودا باشترین ڕۆزیی پێ بەخشیم و
چەندین دەرگای داخراوی بە ڕوومدا کردەوە.

کاریگەریی چاوپیسی و ئیرەییبردن،
وەک بەردێکی گەورە وایە لە جەستەی کەسەکەدا،
هیچ شتێکیش وەک خوێندنی سورەتی بەقەرە
لەناوی نابات و وردوخاشی ناکات...

## ١٩

ئەگەر باسی جادویان بۆ کردیت،
باسی چاوپیسی و ئیرەیی و دوودڵیان بۆ کردیت،
تۆیش باسی دووبارەکردنەوەی سوورەتی بەقەرەیان بۆ بکە،
لابەری خەمەکان و لەناوبەری شەیتان...

زۆر خوێندنەوەی سوورەتی بەقەرە،
وات لێ دەکات بەبێ هۆکار دڵخۆشبیت...
دەبێتە قەڵایەکی بەهێز لە دەووری جەستەت،
چاوی چاوپیسەکان و فێڵی حەسوودەکان زیانت پێ ناگەیەنن...

پارێزگاری کردن لە خوێندنەوەی سوورەتی بەقەرە،
چەندین خێر دەهێنێتە ڕێت کە خۆت ناتوانیت بەدەستی بهێنیت،
بەرەکەت دەکەوێتە ڕۆزی و ماڵ و منداڵتەوە...

## ٢٠

(ده‌ست گرتن به سووره‌تی به‌قه‌ره‌وه به‌ره‌كه‌ته)

واته خوێندنه‌وه‌ی، له‌به‌ركردنی، گرنگی پێدانی،

به‌رده‌وامبوون له‌گه‌ڵیدا، به‌كارهێنانی وه‌ك شیفا و چاره‌سه‌ر...

(وازهێنان لێی حه‌سره‌ت و په‌شیمانییه)

واته: پشت تێكردنی و نه‌بوونی یه‌قین پێی،

گومانت وابێت چاره‌سه‌ر نییه...

سه‌یرم له‌وانه دێت ده‌ده‌ن له ده‌رگای ئه‌وانه‌ی ڕوقیه‌ی شه‌رعی ده‌خوێنن،

كه‌چی ناده‌ن له ده‌رگای سووره‌تی به‌قه‌ره...

٢١

- ده‌ته‌وێت ئاواته‌کانت بێته دی،

ده‌ته‌وێت چاکه‌کانت زیاد ببێت،

ده‌ته‌وێت دڵخۆش و به‌خته‌وه‌ر بیت،

ده‌ته‌وێت دوور بیت له به‌ڵا و ناڕه‌حه‌تی

ده‌ته‌وێت دڵت نه‌رم بێت،

ماوه‌یه‌کی زۆر سوره‌تی به‌قه‌ره بخوێنه و

دواتر چاوه‌ڕێی به‌دیهاتنی هه‌موو ئه‌وانه بکه.

## ٢٢

لەدوای خوێندنەوەی سوورەتی بەقەرە ئەم دوعایە بڵێرەوە:

اللهُم ارزقني فضلها و بركتها،

اللهُم افتح لي بها أبواب الخير و الرزق و السعادة فِ الدنيا و الآخرة،

اللهُم اجعلها حصن و درع لي،

اللهُم طهر بها جسدي من جميع الأمراض و العلل...

«خودایە، فەزڵ و بەرەکەتی ئەم سوورەتەم پێ ببەخشە،

دەرگای خێر و ڕۆزی و بەختەوەری دونیا و قیامەت بە ڕوومدا بکەرەوە،

خودایە ئەم سوورەتە بکە بە قەڵا و قەڵغان بۆم،

خودایە بەهۆی ئەم سوورەتەوە جەستەم پاک بکەرەوە

لە هەموو نەخۆشی و دەرد و بەڵایەک»

## ٢٣

بەردەوام بە لە خوێندنەوەی سوورەتی بەقەرە،
با بەشێک بێت لە ڕۆژەکەت،
بە موبایلەکەت بیخە سەر سوورەتەکە و
با لەماڵەکەتدا بخوێنرێت، ژیانت پڕ دەکات لە بەرەکەت،
ماڵەکەت دوور دەکات لە کێشە و گرفت...

## ٢٤

لە کاتی خەفەت و بێتاقەتی،
لە کاتی ماندوویی و پێش خەوتن.
لەدوای نوێژەکانت (آيةَ الكُرسيّ) بخوێنە،
بەسەر منداڵەکانتدا بیخوێنە،
ڕۆژەکەت پڕ بکە لەو ئایەتە مەزنە،
بەڕاستی سەربازێکە نابەزێت، قەڵایەکە تێک ناشکێت،
مەزنترین ئایەتی قورئانی پیرۆزە.

٢٥

پێغەمبەری خوداﷺ دەفەرموێت:

(هەر کەسێک لەدوای نوێژە فەرزەکان(آيةَ الكُرسيّ) بخوێنێت، تەنیا مردن ڕێگرە لەوەی بچێتە بەهەشت)

خوێندنی (آيةَ الكُرسيّ) لەدوای نوێژە فەرزەکان، یەکێکە لە هۆکارەکانی چوونە بەهەشت...

٢٦

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە لەبارەی (آيةَ الكُرسيّ) دەڵێت:

خەڵکێکی زۆر کە لە هەژمار نایەن، تاقیان کردۆتەوە کە کاریگەری هەیە بۆ دورخستنەوەی شەیتان و فێڵەکانی، کاریگەرییەکی مەزنی هەیە لەوەی شەیتان لەنەفسی مرۆڤ دووربخاتەوە، سوودێکی زۆری هەیە بۆ ئەو کەسانەی فێیان لێ دێت و جێگەی زەفەری شەیتانن...

## ٢٧

ئیبن قەییم لە کتێبی (بدائع الفوائد)دا دەفەرموێت:

لەو شتانەی دەتپارێزێت لە شەڕی شەیتـان:

١. پەناگرتن بە خودا لە شەڕی شەیتان.

٢. خوێندنی سوورەتی (الفلق والناس).

٣. خوێندنی سوورەتی بەقەرە.

٤. خوێندنی (آيةَ الكُرسيّ)

٥. خوێندنی کۆتایی سوورەتی بەقەرە.

٦. زۆر زیکرکردن.

٧. نوێژ و دەستنوێژ.

٨. دووربوون لە زۆر خۆری، زۆر قسەکردن، زۆر تێکەڵبوونی خەڵکی، تەماشاکردنی حەرام...

## ٢٨

ده عیباده‌ت ژیانت ١٨٠پله ده‌گۆڕێت:

١. پارێزگاری كردن له‌نوێژه فه‌رزه‌كان و ئه‌نجامدانی له‌كاتی خۆیدا.

٢. زۆر دوعاكردن و یه‌قینبوون به‌وه‌ی وه‌ڵامت ده‌داته‌وه.

٣. ڕۆژانه خوێندنه‌وه‌ی سووره‌تی به‌قه‌ره

٤. خێركردن

٥. وتنی: (لا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِالله)

٦. سه‌ڵاواتی ئیبراهیمی.

٧. خوێندنی (آيةَ الكُرسيّ) له‌دوای نوێژه فه‌رزه‌كان.

٨. ئه‌نجامدانی نوێژی ویتر.

٩. پێش خه‌وتن سووره‌تی مولك بخوێنیت.

١٠. زۆر وتنی: (أستغفرُاللهَ)

## ٢٩

ئەگەر دەتزانی سوورەتی بەقەرە،
چەندێ ڕەحمەت و بەرەکەت دەخاتە ژیان و ماڵەکەتەوە،
هەرگیز وازت لێ نەدەهێنا...

## ٣٠

پێش ئەوەی بخەویت:
دەستنوێژ بگرە، نوێژی ویتر بکە، (آيةَ الكُرسيّ) بخوێنە،
زیکرەکانی خەوتن بخوێنە، تەوبەیەکی نوێ بکە،
موبایلەکەت بنێرەوە بۆ نوێژی بەیانی، دواتر بڵێ:
(خودایە خەبەرم بکەرەوە لە خۆشەویست ترین ساتەکان لەلات،
بۆ ئەوەی داوات لێ بکەم و پێم ببەخشیت،
داوای لێخۆشبوونت لێ بکەم و لێم خۆشببیت...)

## ٣١

دەزانین سوننەتی نوێژی بەیانی باشترە لە دونیا و ئەوەشی تێیدایە.

دەزانین (لا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِالله) گەنجینەیەکە لە گەنجینەکانی بەهەشت.

خوێندنی (آيةَ الكُرسيّ) دوای نوێژە فەرزەکان، هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت.

سێ جار خوێندنی سوورەتی (الإخلاص) خێری خەتمێکی هەیە!

زۆر پاداشتی تریش دەزانین،

لەگەڵ ئەوەیشدا تەمەڵی دەکەین و ئەنجامیان نادەین...

## ٣٢

ئه‌و ده‌مه‌ی ده‌خه‌ویت و زیکره‌کانی خه‌وتنت خوێندووه‌،
خه‌وێکی ته‌واو جیاوازه‌،
زۆر جیاوازه‌ له‌وه‌ی بخه‌ویت و زیکره‌کانت نه‌خوێندبێت،
تاقی بکه‌ره‌وه‌، ده‌ستنوێژ بگره‌ و چه‌ند ڕکاتێک نوێژ بکه‌،
دواتر زیکره‌کان بخوێنه‌ و بخه‌وه‌...

مه‌رج نییه‌ هه‌موو زیکره‌کان بخوێنیت،
به‌لایه‌نی که‌مه‌وه‌ (آيةَ الكُرسيّ) و قوله‌کان بخوێنه‌،
هه‌تا زیکری زیاتریش بخوێنیت
خودا خێری زیاتر ده‌ڕژێنێت به‌سه‌رتدا...

## ٣٣

سێ سوننەت هەیە هەموو شەوێک ئەنجامی بدە،

١. خوێندنی سوورەتی مولک، دەتپارێزێت لە سزای ناوگۆڕ.

٢. خوێندنی کۆتایی سوورەتی بەقەرە، دەتپارێزێت لەهەموو خراپەیەک.

٣. خوێندنی (آيةَ الكُرسيّ)، هەتا بەیانی لەشەیتان دەتپارێزێت.

## ٣٤

له سووره‌تی به‌قه‌ره‌دا ئه‌م پرسیارانه هاتووه:

﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡمَحِيضِۖ﴾ ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ﴾

﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَـٰمَىٰۖ ﴾ ﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَۖ﴾

﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ﴾

یه‌کجار ئه‌م ئایه‌ته‌یش هاتووه: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾

هه‌رده‌مێک به‌نده‌کانم ده‌رباره‌ی من پرسیاریان لێ کردیت،

مــن نــزیکم...

وه‌ک بڵێی ئه‌م ئایه‌ته گله‌ییه‌که له‌لایه‌ن خوداوه بۆ به‌نده‌کانی،

به وشه‌ی به‌نده‌کانم گله‌ییان لێ ده‌کات،

پرسیاری مه‌ی و به‌خشین و زۆرشتان کرد،

سه‌رقاڵبوون له‌وه‌ی ده‌رباره‌ی من بپرسن،

من نزیکم، ئه‌ی کاتی ئه‌وه نه‌هاتووه پرسیاری من بکه‌ن...؟!

## ٣٥

ئیبن قه‌ییم ده‌فه‌رموێت:

شێخی ئیسلام ئیبن ته‌یمییه‌ ئه‌گه‌ر زۆر ناڕه‌حه‌ت ببوایه‌،

ئایه‌ته‌كانی سه‌كینه‌تی ده‌خوێند، جارێك فه‌رمووی:

تووشی نه‌خۆشییه‌كی سه‌خت هاتم و توانای به‌رگه‌ گرتنیم نه‌بوو،

كه‌ زۆر ناڕه‌حه‌تی كردم به‌ چوارده‌وره‌كه‌مم وت:

ئایه‌ته‌كانی سه‌كینه‌تم به‌سه‌ردا بـخوێنن...

فه‌رمووی: له‌و دۆخه‌ قورسه‌ ڕزگارم بوو،

له‌گه‌ڵیان دانیشتم و ئه‌ڵـه‌مم تیانه‌مابوو...

ئایه‌ته‌كانی سه‌كینه‌ت ئه‌م شه‌ش ئایه‌ته‌یـه‌:

﴿وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ءَايَةَ مُلْكِهِۦٓ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلتَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾

﴿ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾

﴿ إِذْ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا﴾

﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ فِى قُلُوبِ ٱلْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوٓاْ إِيمَٰنًا مَّعَ إِيمَٰنِهِمْ ۗ﴾

﴿لَّقَدْ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴾

﴿إِذْ جَعَلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ ٱلتَّقْوَىٰ وَكَانُوٓاْ أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴾

## ٣٦

دەربارەی منداڵی بێ باوک پرسیارت لێ دەکەن: بڵێ...

دەربارەی مەی و قومار پرسیارت لێ دەکەن: بڵێ...

دەربارەی قیامەت پرسیارت لێ دەکەن: بڵێ...

پرسیارت لێ دەکەن چی ببەخشن: بڵێ...

لەهەموو ئەو ئایەتانەی بەمجۆرەیە، دواتر دەفەرموێت: پێیان بڵێ...

تەنیا لە یەک ئایەتدا ئاوا نەهاتووە، نەیفەرمووە بڵێ،

بەڵکوو یەکسەری خودا خۆی وەڵامی داوەتەوە:

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾

هەردەمێک بەندەکانم دەربارەی من پرسیاریان لێ کردیت، مـن نـزیکم.

## ٣٧

ئه‌م زیکره ئاسانه سێ جار دووباره بکه‌ره‌وه:

﴿سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ وَرِضَا نَفْسِهِ وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ﴾

نزیکه‌ی ٣٠ چرکه‌ت پێ ده‌چێت، فه‌زڵه‌که‌ی زۆر مه‌زنه،

وه‌ک ئه‌وه وایه چه‌ند کاتژمێرێک یادی خودات کردبێت...

- له ئیمڕۆوه هه‌وڵده به‌رده‌وام ئه‌م زیکره بیخوێنیت...

## ٣٨

ماوەیەک زۆر بێتاقەت و خەمباربووم، دڵم ناڕەحەتبوو،

هەتا خودا ڕێنوێنی کردم

بۆ وەسیەتەکەی پێغەمبەری خوداﷺ بۆ فاتیمەی کچی:

شتێکتان پێشان بدەم لە خزمەتکار باشترە بۆتان؟!

کە چوونە سەر جێگای نووستنەکەتان،

سی و چوار جار (اللهُ أكبَرُ) بکەن،

سی و سێ جار (سُبحانَ الله) بکەن،

سی و سێ جار (الحَمدُ لله) بکەن...

ئەمە لەخزمەتکار باشترە بۆتان.

- بەڕاستی ئەو زیکرە بوو بە فریادڕەسم،

ئێستا کارەکانم ئاسانبووە و دڵم زۆر ئاسوودەیە...

## ٣٩

ئیبن دەقیق دەفەرموێت: هاوڕێیەکم مرد، دواتر لە خەودا بینیم، وتی:

سەگێکی دڕندە بۆم هات، زۆر ترسام لێی،

پیاوێکی ڕووخسار جوان هات و دووری خستەوە،

دواتر لەگەڵم دانیشت و دڵنەوایی کردم. وتم: تۆ کێی؟

وتی: پاداشتی خوێندنی سوورەتی کەهفم لە ڕۆژی هەینیدا.

٤٠

زۆرێک لە دایک و باوکەکان منداڵەکەیان چیان بوێت بۆیان دەکەن،

زۆر شتی گرانبەهای بۆ دەکڕن،

بەڵام ئامادەیی ئەوەیان تێدا نییە فێری نوێژیان بکەن،

فێری کۆمەڵێک ئادابی جوانیان بکەن.

کاتی هەیە بە چەندین کاتژمێر تەماشای موبایل بکات،

کاتی نییە منداڵەکەی فێری سوورەتی فاتیحە و

(آيةَ الكُرسيّ) و سوورەتە کورتەکان بکات...

## ٤١

ئه‌و دانیشتنه‌ به‌ به‌هایه‌ی له‌وه‌یه‌ ژیانت بگۆڕێت،

شێخ ئیبن باز ده‌فه‌رموێت: دانیشتن له‌دوای نوێژه‌ فه‌رزه‌کان

یه‌کێکه‌ له‌مه‌زنترین کاته‌کان که‌ تێیدا ڕه‌حمه‌تی خودا داده‌به‌زێت...

ئیمامی قورطوبی ده‌فه‌رموێت:

هه‌رکه‌سێک تاوانی زۆره‌ و ده‌یه‌وێت به‌بێ ماندووبوون

خودا له‌و تاوانانه‌ی خۆشبێت،

با له‌دوای نوێژه‌فه‌رزه‌کاندا له‌شوێنی نوێژه‌که‌یدا زۆر بمێنێته‌وه‌...

## ٤٢

یەکێک لەو زیکرانەی تەرازووی چاکەکانت قورس دەکات:

﴿سُبحَان الله وبِحمدهِ، سُبْحان الله العظِيم﴾

﴿فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴾

ئەوەی تەرازووی خێری قورس و سەنگین بێت.

لە بارودۆخێکی ئاسوودەدا ژیان دەباتە سەر و زۆر پێی ڕازیە.

## ٤٣

ئافره‌تێک لای خوشکه‌که‌م وتبووی:

ده‌ستم کردووه به له‌به‌رکردنی سووره‌تی به‌قه‌ره،

له‌به‌رکردنی قورئان ئه‌وه‌نده‌یش قورس نییه که‌باسی ده‌که‌ن.

به‌هۆی ئه‌و قسه‌یه‌وه خوشکه‌که‌م ده‌ستی کرد به له‌به‌رکردنی قورئان،

سوپاس بۆ خودا هه‌موو قورئانی به‌جوانی له‌به‌رکرد...

هه‌تا ئێستا ئافره‌ته‌که هه‌موو قورئانی له‌به‌ر نه‌کردووه...

– ئه‌گه‌ر خۆشت ناتوانیت قورئان له‌به‌ر بکه‌یت،

هیمه‌ت و وره‌ی که‌سانی تر به‌رزبکه‌ره‌وه...

٤٤

سه‌ره‌تا ده‌یانوت:

سووره‌تی به‌قه‌ره هێنده زۆره چۆن ده‌توانیت له‌به‌ری بكه‌ین، ئێستا هه‌موو قورئانیان وه‌ك سووره‌تی فاتیحـه له‌به‌ره... ئه‌مـه چیرۆكی ئه‌وانه‌یه له‌گه‌ڵ خودادا ڕاستیان كرد و خودا له‌به‌ركردنی قورئانی بۆ ئاسان كردن...

٤٥

یه‌كێك له‌هاوڕێكانم پێی وتم: گیرۆده‌ی هه‌ندێ تاوان بووبووم، له تاعه‌تیشدا كه‌مته‌رخه‌مبووم، به‌خۆمم نه‌زانی هه‌تا په‌نام برد بۆ قورئان و ده‌ستم كرد به له‌به‌ركردنی، ئێستا وازم له‌هه‌موو تاوانه‌كانم هێناوه و بوێری ئه‌وه‌م نییه وه‌ك جاران ئه‌و تاوانانه ئه‌نجام بده‌م... كه ڕۆیشت ئه‌م ئایه‌ته هات به یادمدا:

﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ﴾

واته: ئه‌م قورئانه هیدایه‌ت به‌خشه بۆ چاكترین ڕێگا و ڕێباز.

## ٤٦

گەنجێک دەڵێت: چەندین ساڵ ئالوودەی تەماشای پۆرنبووبووم،

چەندین ڕێگام بەکارهێنا بۆ ئەوەی وازی لێ بهێنم، بەڵام بێسوودبوو،

دواتر دەستم کرد بە خوێندنەوە و لەبەرکردنی سوورەتی بەقەرە،

دوای ماوەیەک خودا وازلێهێنانەکەی بۆ ئاسان کردم،

خودا ئەو حەزەی لەدڵمدا نەهێشت،

تەماشانەکردنی حەرام لە ئاو خواردنەوە ئاسانتربوو لەلام،

لەگەڵ ئەوەشدا ژیانم پڕبوو لە چەندین بەرەکەتی تر...

## ٤٧

بەدرێژایی ژیانم گومانم وابوو، زۆر ئەنجامدانی نوێژ و زیکر و ئیستیغفار و تەسبیحات، موعجیزە لەژیانمدا دەخوڵقێنێت، لەهەموو ناڕەحەتیەکدا ئیستیغفاری زۆرم دەکرد، پەنام بۆ خودا دەبرد و تەنها پشتم بەو دەبەست...

بەڵام شتێک لەناخمدا هەر ناڕازیبوو، هەموو ئەوانەم کرد و موعجیزە ڕووی نەدا، بەردەوامبووم لە زیکرکردن و ئیستیغفار و تەسبیحات، هەتا لەدەروونمدا هەستم بە موعجیزە گەورەکە کرد، کە ئەویش ڕازیبوون بوو...

﴿وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ غُرُوبِهَاۖ وَمِنۡ ءَانَآيِٕ ٱلَّيۡلِ فَسَبِّحۡ وَأَطۡرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرۡضَىٰ﴾ واتە: تەسبیحات و ستایش و سوپاسی پەروەردگارت بکە، پێش هەڵهاتنی خۆرو پێش ئاوابوونی، لە هەندێک کاتەکانی شەودا هەر تەسبیحات و ستایشی بکە، لە بەشە جیا جیاکانی ڕۆژیشدا هەر تەسبیحات و ستایشی بکە، بۆ ئەوەی لە ڕەزامەندی پەروەردگار بەهرەمەند ببیت.

هەرچی دەهاتە ڕێم، ئارامم دەگرت، هێمن بووم،
چونکە دڵنیابووم تێدەپەڕێت،
ئیمانێکی زۆر پتەوم هەبوو، ڕازیبوون هەموو بوونمی داگیرکردبوو...
زانیم گەورەترین موعجیزە هەستکردنە بە ڕازیبوون...

## ٤٨

تێبینی شتێکی زۆر سەیرم کرد، حەزمکرد بە ئێوەیشی بڵێم:

ئەو دەمەی زیکری بەیانیان و ئێواران دەخوێنم،

خودا توانا و هێز و هیمەتێکی بەرزم پێ دەبەخشێت،

کاتەکانم پڕ بەرەکەت دەبێت...

بەڵام ئەو کاتەی زیکرەکان ناخوێنم، کاتم بێ بەرەکەت دەبێت و

خۆشم نازانم کاتەکانم لەچیدا ڕۆیشتووە،

ئەو ڕۆژە هیچ کارێکی گرنگم بۆ تەواو ناکرێت...

بۆچی کەمتەرخەمی دەکەین لەخوێندنی زیکرەکاندا،

کە دەزانین بەختەوەری و سەرفرازیمانی تێدایە؟!

٤٩

خەیاڵی ئەوە بکە تەنیا بە خوێندنەوەی سوورەتی بەقەرە،
٢٥٠ هەزار چاکەت بۆ دەنووسرێت،
چوار جار بیخوێنیت یەک ملیۆن خێرت بۆ دەنووسرێت،
خۆت لەو خێرە زۆرە بێ بەش مەکە...

٥٠

ئەو کەسەی گرنگی بە زیکری بەیانیان و ئێواران نادات،
وەک ئەو کەسە وایە بچێتە دارستانێکەوە و
پڕ بێت لە ئاژەڵی مەترسیدار و لەناوبەر،
ئەمیش هیچ چەکێکی پێ نەبێت بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆی بکات...
خەڵکیش وایە، هەیە ڕقی لێتە، ئیرەییت پێ دەبات،
حەزدەکات زیانت لێ بدات و بەسەلامەتی نەژیت،
ئەگەر بەو زیکرە قەڵایەکی پتەو بۆ خۆت بونیاد نەنێی،
ئەوا دڵنیابە لە زیانی ئەوان سەلامەت نابیت...

## ٥١

گه‌ر ناتوانیت هه‌موو زیکره‌کانی به‌یانیان و ئێواران بخوێنیت،

ئه‌وا ئه‌م سێ زیکره له‌یاد مه‌که و یه‌کی سێ جار بیان خوێنـه:

(بسمِ اللَّهِ الَّذي لا يضرُّ معَ اسمِهِ شيءٌ في الأرضِ ولا في السَّماءِ وَهوَ السَّميعُ العليمُ)

(أَعُوذُ بكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِن شَرِّ ما خَلَقَ)

(رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا)

## ٥٢

ئەگەر لە نوێژەکانتدا تەمەڵی دەکەیت،

ئەم دوعایانە زۆر بڵێرەوە بۆ ئەوەی لەو تەمەڵییە ڕزگار بیت:

١. رَبِّ ٱجْعَلْنِي مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِيۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَآءِ

(ئەی پەروەردگارم من و ڕۆڵەکانم وا لێبکەی

بە چاکی نوێژەکان بەجێ بێنین،

ئەی پەروەردگارمان پاڕانەوە و نزاکەم وەربگرە...)

٢. يَا مُقَلِّبَ القُلُوبِ ثَبِّت قَلْبِي عَلَى دِينِكَ...

(ئەی وەرگێڕی دڵەکان، دڵم جێگیر بکە لەسەر دینەکەت.)

٣. اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بكَ مِنَ العَجْزِ والكَسَلِ

(خودایە پەنات پێ دەگرم لە بێتوانایی و تەمەڵیی...)

٤. اللَّهُمَّ أَعِنِى عَلَى ذِكْرِكَ، وَشُكْرِكَ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ.

(پەروەردگارا یارمەتیم بدە لەسەر ئەوەی یادت بکەم و

سوپاسگوزارت بم و بەباشی پەرستشت بکەم.)

٥. اللهم اجعل قرة عينى فى الصلاة.

(خودایه نوێژ بكه نووری دیده‌م و نووری چاوم...)

## ٥٣

جارێک ته‌مه‌ڵیم کرد له نوێژی چێشته‌نگاودا و خه‌وتم،

وتم دواتر که‌ی هه‌ستام ده‌یکه‌م!

له‌خه‌وه‌که‌مدا پێیان وتم: سوننه‌ت ته‌نیا فه‌زیڵه‌تێک نییه،

به‌ڵکوو هۆکاره بۆ سڕینه‌وه‌ی تاوانه‌کانی پێشوت...

* شه‌ونوێژ و عیباده‌ته سوننه‌ته‌کان،

هۆکارن بۆ سڕینه‌وه‌ی ئه‌و تاوانانه‌ی کردومانه و له‌یادمان چووه،

ئه‌و تاوانانه‌ی هیچ گوێمان پێی نه‌داوه...

## ٥٤

* نوێژی چێشته‌نگاو پاداشتێكی مه‌زنی هه‌یه.

* كه‌مترینی دوو ڕكاته، زۆرترینی هه‌شت ڕكات.

* پێغه‌مبه‌ری خودا ﷺ هه‌رگیز وازی لێ نه‌هێناوه.

* كاته‌كه‌ی دوای ٢٠ خوله‌ك له خۆرهه‌ڵاتن ده‌ست پێ ده‌كات، ١٥ بۆ ٢٠ خوله‌ك پێش نوێژی نیوه‌ڕۆ ته‌واو ده‌بێت.

* صه‌ده‌قه‌یه بۆ ٣٦٠ جومگه‌كه‌ی جه‌سته‌ت.

له‌وه‌یه زیندووكردنه‌وه‌ی سوننه‌تێك،

چه‌ندین نیعمه‌تی مه‌زنت پێ ببه‌خشێت...

## ٥٥

کەسێک دەڵێت:

نەریتێک هەیە زۆر خۆشمدەوێت و مەحاڵە وازی لێ بهێنم،
هەر دەمێک نەخۆشێک دەبینم دوعای شیفای بۆ دەکەم،
کە کەسێکی خەمبار دەبینم، دوعای بۆ دەکەم
خودا کاری بۆ ئاسان بکات و خەمەکەی بڕەوێنێتەوە...

کە بەیانیان باوکێک دەبینم دەچێت بۆ سەرکارەکەی،
دوعا دەکەم خودا ڕۆزی بێ شومار بڕژێنێت بەسەریدا...
بەهۆی ئەمەوە وەڵڵاهی زۆربەی دوعاکانم گیرایە و
خودا وەڵامم دەداتەوە، خۆشەویست ﷺ فەرمووی:
« هەر موسڵمانێک لەپەنهانیدا دوعا بۆ براکەی بکات،
فریشتەیەک دەڵێت: بۆ تۆیش بەهەمان شێوە...»

- ئەگەر دەتەوێت خودا وەڵامی دوعاکانت بداتەوە،

دوعا بۆ کەسانی تر بکە، دوعا بۆ ئەوانە بکە کە نایانناسیت،

پشت بەخوا وەڵامی تۆیش دەدرێتەوە و ژیانت پڕ بەرەکەت دەبێت...

## ٥٦

ده‌ست بگره به (آيةَ الكُرسيّ)ه‌وه،

شه‌و و ڕۆژ بیخوێنه، به‌سه‌ر منداڵه‌کانتدا بیخوێنه،

تۆ نازانیت چه‌ندێ به‌سووده بۆت،

ده‌بێته قه‌ڵا و پارێزه‌ر، فێڵی شه‌یتان دوورده‌خاته‌وه،

ئه‌و زاته‌ی پاراستنی ئاسمانه‌کان و زه‌وی به‌لاوه سه‌خت نییه،

پاراستنی تۆی به‌لاوه سه‌خت نابێت...

## ٥٧

یه‌كێک ده‌ڵێت:

له‌وه‌ته‌ی ده‌ستم كردووه به له‌به‌ركردنی قورئان،

ژیانم پڕبووه له به‌ره‌كه‌ت و كاره‌كانم زۆر ئاسانبووه،

هه‌ر سه‌ختیه‌ک دێته ڕێم ئیللا خودا بۆم ئاسان ده‌كات،

له‌شوێنێكه‌وه ده‌رووم لێ ده‌كرێته‌وه كه چاوه‌ڕێی نه‌بووم،

ئه‌مه هێشتا دوو جوزئم له‌به‌ركردووه،

ئه‌ی ده‌بێت حاڵم چۆن بێت كه هه‌موو قورئان له‌به‌ربكه‌م.

٥٨

کەسێک دەناسم ماوەیەکی زۆر ناڕەحەتبوو،

خەمێکی زۆری هەبوو، باری دەروونی ناڕێک بوو،

ماوەیەکی زۆر ئەم زیکرەی خوێند و بەردەوامبوو لەسەری:

**(**لا إلهَ إلَّا اللهُ وحدَه لا شريكَ له له المُلكُ وله الحمدُ وهو على كُلِّ شيءٍ قديرٌ**)**

لەدوای فەزڵی خودا ئەو زیکرە بووە هۆی ڕزگاربوونی،

بوو بە خێر و بەرەکەتێکی مەزن بۆ ژیانی...

دەست بگرە بەو زیکرەوە و بە شەو و بە ڕۆژ بیڵێرەوە،

بۆ ئەوەی لەو چێژ و بەرەکەتە بەهرەمەند بیت...

## ٥٩

ژماره‌ی ئایه‌ته‌کانی سوره‌تی(البقرة) ٢٨٦ئـایـه‌ته،

ئه‌گه‌ر ژماره ٢ لاببه‌ی، ئه‌وا ژماره‌ی ٨٦ ده‌مێنێته‌وه،

ژماره‌ی ئه‌و سوره‌تانه‌یه که له‌شاری مه‌ککه دابه‌زیون.

ئه‌گه‌ر ژماره ٦ لاببه‌ی، ئه‌وا ژماره ٢٨ ده‌مێنێته‌وه،

ژماره‌ی ئه‌و سوره‌تانه‌یه که له شاری مه‌دینه دابه‌زیوون...

## ٦٠

(دەست گرتن بە سوورەتی بەقەرەوە بەرەکەتە)

لەبەرکردنی بەرەکەتە: چونکە لەقیامەتدا شەفاعەتت بۆ دەکات.
خوێندنەوەی بەرەکەتە: چونکە ئایەتەکانی زۆرن و
پاداشتێکی زۆر بەدەست دەهێنیت.
هۆکاریشە بۆ پاراستنی ماڵەکەت.

گوێگرتن لێی بەرەکەتە: گوێگرتن لەقورئان خێر و چاکەیە،
ان شاءالله پاداشت و بەرەکەتی خوێندنەوەی بەنسیب دەبێت.

بۆ ڕوقیەی شەرعی بەرەکەتە:
هۆکارە بۆ شیفا و دووربوون لە کاریگەری سیحر و جادوو.

٦١

لەوەیە بەدرێژایی ساڵێک نەتوانیت ١٠٠جار صەدەقە بکەیت،
بەڵام دەتوانی بە ئەنجامدانی نوێژی چێشتەنگاو،
ڕۆژانە پاداشتی ٣٦٠ صەدەقە بەدەست بهێنیت...

٦٢

«کە چاو لێت دەدات،
هۆکارەکەی ئەوە نییە جوانیت یان دەوڵەمەندیت،
بەڵکوو هۆی ئەوەیە زیکری خودا کەم دەکەیت»
– ئیبن عوسەیمین

## ٦٣

هاوڕێکەم لەترسی چاودا ئۆتۆمبێلێکی شڕەی کڕیووە...

یەکێکی تریش بەهەمان هۆکار خانووی کڕیووە و

بە کەسی نەوتووە...

ئافرەتێکیش چەند مانێگێکە دووگیانە و کەس نازانێت...

بەمجۆرە خۆمان لەخۆشیەکانی ژیان بێ بەش دەکەین،

لەترسی چاوی خەڵکیدا...

چاوپیسی حەقە و هەیە باوەڕتان پێی هەبێت،

زیادەڕەوی تێدا مەکە و پشت بەخودا ببەستە،

باوەڕت هەبێت خودا باشترین پارێزەری تۆیە...

## ٦٤

خێراترین ڕێگا بۆ ڕاکیشانی بەڵا بۆ ماڵ و منداڵت،
بڵاوکردنەوەی وێنەی خۆت و خێزانەکەت و دەرچوونەکانتە....
خەونەکانت باس مەکە، نەبادا ئاگری چواردەورت بگرێت.
بە شاردنەوەی تایبەتمەندییەکانت،
ئاگری حەسوودەکان خامۆش بکە.

هەموو نیعمەتێک، کەسێک هەیە حەسوودی پێ ببات،
جا نیعمەتەکە گەورەبێت یان بچووک،
باشترین شت کە ئەنجامی بدەیت بەرانبەر کەسی حەسوود ئەوەیە،
نیعمەتەکانتی لێ بشاریتەوە!

خەڵکی لەسەر خەونەکانت ئیرەییت پێ دەبەن،
ئەی دەبێت چۆن بن بەرانبەر واقعەکەت.
هەربۆیە هەموو شتەکانت ئاشکرا مەکە بۆ خەڵکی!
بۆ کەسانی چواردەورت کتێبێکی کراوە مەبە...

## ٦٥

ئۆتۆمبێلەکەی لەکار کەوت = چاو لێی داوە.

چووە داوای و بۆی نەبوو = چاو لێی داوە.

لەگەڵ هاوسەرەکەی گرفتی هەیە = چاو لێی داوە.

منداڵەکەی نەخۆشە = چاو لێی داوە.

ئیشەکەی لە زیان دایە = چاو لێی داوە.

زۆربەی شتەکانی ژیانمان دەخەینە ئەستۆی خەڵکی،

ڕاستە چاو کاریگەری هەیە،

بەڵام یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکان تاوان و هەڵەی خۆمانە.

﴿ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡۚ﴾ بەهۆی تاوانەکانیانەوە لەناوی بردن.

﴿ فَأَهۡلَكۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡ﴾ بەهۆی تاوانەکانیانەوە قڕمان کردن.

﴿ أَصَبۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡۚ﴾ ئەگەر بمانەوێت بەهۆی تاوانەکانیانەوە لەناویان دەبەین.

## ٦٦

شەیتان بە جۆرەها شێواز هەوڵدەدات

بۆ ئەوەی زیکری بەیانیان و ئێواران نەخوێنیت،

تەنانەت بەوەیش ڕازییە لەبری ئەوە تاعەتێکی تر بکەیت،

بۆ نموونە: دەیخاتە دەروونتەوە سەرقاڵی لەبەرکردنی قورئان بیت،

یان دوو ڕکات نوێژ بکەیت...

ئەوەی گرنگە بەلایەوە زیکرەکان نەخوێنیت،

چونکە ئەو زیکرانە بەربەستێکی گەورەیە بۆ شەیتان،

دەبێتە قەڵایەک لەدژیان...

زاڵبن بەسەر نەفس و شەیتاندا و

لەکاتی خۆیدا زیکری بەیانیان و ئێواران بخوێنن...

## ٦٧

دەست بگرە بە زیکری بەیانیان و ئێواران،

وەک چۆن دەست دەگریت بەو شتەی خۆشتدەوێت،

چونکە باشترین پارێزەرە بۆت،

دەتپارێزێت لەو شتەی شەڕی دونیا و قیامەتتی تێدایە،

خوێندنی چێژێکی تایبەت دەدات بە دڵ و سینە و ژیانت،

باشترین قەڵایە، تکایە لێی بێ ئاگا مەبە...

## ٦٨

ئەگەر لەکاتی خوێندنی قورئاندا هەستت بەناڕەحەتی کرد،
وەک ئەو کەسەیت کە پاککەرەوە دەخەنە سەر برینەکەی،
ئازار دەچێژێت بۆ ئەوەی باش ببێت.

تۆیش هەست بە ناڕەحەتی دەکەیت بۆ ئەوەی پاک ببیتەوە،
بەردەوام بە بۆ ئەوەی دڵت لەتاوان پاک ببێتەوە،
بۆ ئەوەی دڵت بگات بە چێژی خشوع و تێڕامان...

قورئان دڵت لەژەنگی تاوان و غەفڵەت پاک دەکاتەوە...

٦٩

سوێند بەخودا ئەوانەی بەهۆی خەم و خەفەتەوە ناڕەحەت بوونە،

ئەگەر پەیوەست بن بە زیکری بەیانیان و ئێوارانەوە،

ئیللا خودا ڕزگاریان دەکات و دەروویان لێ دەکاتەوە...

- شێخ موحەممد شەنقیطی

٧٠

ئیبن قەییم دەفەرموێت:

زیکری بەیانیان و ئێواران وەک قەڵغانێک وایە،

هەتا پتەوتر بێت خاوەنەکەی پارێزراوتر دەبێت،

بەڵکوو قەڵغانەکە هێندە بەهێز دەبێت،

کە تیرەکە دەگەڕێتەوە و دەدات لەو کەسەی هەڵیداوە...

## ٧١

هەندێ کەس بە دەست قەلەقی و دوودڵییەوە دەناڵێنن،

ئیبن قەییم باسی گرنگترین چارەسەری قەلەقی کردووە:

خوێندنی ئایەتەکانی سەکینەت، شێخ ئیسلام ئیبن تەیمییە ئاوای کردووە،

کە شەش ئایەتـە: ئایەتی ٢٤٨ی سوورەتی بەقەرە.

ئایەتی ٢٦ و ٤٠ی سوورەتی تەوبە.

ئایەتی ٤ و ١٨ و ٢٦ ی سوورەتی فەتح.

❋ لە وتەی ٣٥دا ئایەتەکان دانراوە...

## ٧٢

کەسێک دەڵێت:

بەبێ ماندووبوون زیکری بەیانیان و ئێوارانم لەبەرکرد،

ماوەیەک بەجوانی دەمخوێندنەوە،

کاتێکم زانی هەموویم لەبەرکردووە...

بە تەرکیزەوە بیخوێننەوە،

پشت بەخوا دوای ماوەیەک لەبەرتان کردووە.

## ٧٣

هەندێ کەس تەمەڵی دەکەن لە زیکری بەیانیان و ئێوارن،

گومانیان وایە دەبێت هەموو زیکرەکان بخوێنن،

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت:

دەستەوسان مەبە لە خوێندنەوەی مەعوزەتەین و

سوورەتی ئیخلاس وآیة الكرسی...

گرنگ ئەوەیە خۆت بێ بەش نەکەیت و

خۆت بپارێزییت لە شەڕی بنیادەم و پەریەکان،

ئەگەر هەمووشی بخوێنیتەوە زۆر باشترە...

## ٧٤

ئه‌گه‌ر ده‌تزانی زیکری به‌یانیان و ئێواران چۆن ده‌تپارێزێت.

هه‌رگیز وازت لێی نه‌ده‌هێنا،

خه‌یاڵی ئه‌وه بکه ئه‌و زیکرانه گه‌وره‌ترین پارێزه‌ری تۆن.

گه‌رچی تاوانیشت زۆربوو وازی لیَ مه‌هێنه‌،

چه‌ند خوله‌کێکی که‌م، قه‌ڵایه‌کی به‌هێز و پته‌و...

٧٥

دایکم پێی وتم: ڕۆڵەشیرینەکەم،

دوای نوێژی بەیانی و دوای نوێژی عەسر،

لەشوێنی نوێژەکەمدا دادەنیشتم و زیکرەکانم دەخوێنم...

چەندین ساڵە بەو شێوەیە

پارێزگاریم لە زیکری بەیانیان و ئێواران کردووە

و هەرگیز بیرم ناچێت،

لەجێی خۆم هەڵناسم هەتا زیکرەکان تەواو نەکەم..

## چەند ئەزمونێك لەگەڵ سوورەتی بەقەرەدا

* دایکم ڕۆژانە دەیخستە سەر سوورەتی بەقەرە و

سەرقاڵی کاریماڵەوە دەبوو،

وردە وردە لەڕێی ئەوەوە زۆربەی سوورەتەکەم لەبەرکرد،

بوو بە ڕووناکی ڕۆژە تاریکەکانم،

لەکاتی تەنیایدا دڵنەوایی کارم بوو،

لەکاتی نارەحەتیدا دڵی دامەزراو دەکردم،

ژیانم پڕبوو لە ئاسوودەیی و بەختەوەری...

* پێش ئەوەی دەست بگرم بە سوورەتی بەقەرەوە،

شەرمن بووم و بەهای کاتم نەدەزانی،

دوای ئەوە ماوەیەک لەخزمەتی سوورەتی بەقەرەدابووم،

بەتەواوی کەسایەتیم گۆڕا،

وەک ئەوەی شتێک پاڵی دەنام بەرەو پێشــەوە،

بە جوانی و ڕەوانی قسەم دەکرد و ترسەکەم نەما،
وەک ئەوەی خودا ڕۆح و ژیانێکی نوێی پێ بەخشیبم...

* ماوەیەکی زۆر دەروونم ماندووبوو، ناڕەحەتبووم،
زۆر دوودڵ و وەسواسبووم، ژیانم پڕبوو لە بێتاقەتی،
هەتا دەستم کرد بە خوێندنی سوورەتی بەقەرە،
وەڵا حەفتەی نەبرد هەستم بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکرد،
دەتوت ئاوێک کراوە بە ئاگری ناخمدا،
بوو بە بەرەکەت بۆ دەروونم،
سینەم فراوانبوو، لەو ناڕەحەتیە ڕزگارمبوو...

* دوو ساڵە بەردەوام ڕۆژانە سوورەتی بەقەرە دەخوێنمەوە،
بە فەزڵ و ڕەحمەتی خودا زۆربەی کارەکانم بۆ ئاسانبووە،
ڕۆزیم فراوانبووە، زۆر هەست بە هێمنی و ئارامی دەکەم،
سوپاس بۆ خودا کە خوێندنەوەی بۆ ئاسان کردوم،
پشت بەخودا دەست دەکەم بە لەبەرکردنی...

* ماوەیەکی زۆرە ڕۆژانە سوورەتی بەقەرە دەخوێنم،

بەرەکەت کەوتۆتە کات و سامان و کارمەوە،

لەڕووی عیبادەتەوە زۆر گۆڕاوم،

بە ئەو پەڕی خۆشەویستیەوە عیبادەتەکان ئەنجام دەدەم،

دەروون و ژیانم زۆر هاوسەنگبووە...

* تاوانێکم هەبوو، نەمدەتوانی وازی لێ بهێنم،

تەوبەم لێ دەکرد و دەچوومەوە سەری،

داوام لەخودا دەکرد یارمەتیم بدات،

هەتا خوێندنی سوورەتی بەقەرەم بۆ ئاسانبوو،

سوپاس بۆ خودا کارەکەم بۆ ئاسانبوو،

بەیەکجاری تەوبەم کرد و لەو تاوانە ڕزگارم بوو...

❋ لە تەرکیزدا زۆر لاوازبووم،

بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونم لە خوێندنەوەی سوورەتی بەقەرە،

تەرکیزم زۆر باشبوو، دڵم نەرمتربوو، هیمەتم بەرزتربوو،

عیبادەت و کارەکانم لەجاران جوانتر ئەنجام دەدا...

❋ یەکێک لەزاناکان کاتی زۆر بە بەرەکەتبوو،

لەیەک ڕۆژدا شتانێکی دەکرد کە کەسی تر بە هەفتەیەک بۆی نەدەکرا،

پرسیاری نهێنی ئەوەم لێ کرد،

وتی: لە سەرەتای بەیانیدا زۆرترین جار دەڵێم:

لاحول ولا قوة إلا بالله

هەست بە لاوازی و بێدەسەڵاتی و هەژاری خۆم دەکەم.

زۆرترین سوودم لێی بینیووە...

د:سليمان العبودي

* کەسێک دەڵێت:

کە لە شەونوێژدا سوورەتی بەقەرە دەخوێنیت،

هەست بە بەرەکەت و سوودێکی زۆر دەکەیت،

دڵخۆشت دەکات، دوورت دەکات لە چاوپیسی و جادوو،

ئێوەیش تاقی بکەنەوە و بەهرەمەندبن لەو بەرەکەتە...

* زۆر تووڕەبووم و بە بچوکترین شت هەڵدەچووم،

بە فەزڵی خودا پاشان بەهۆی خوێندنەوەی سوورەتی بەقەرە و

زیکری بەیانیان و ئیواران،

لەگەڵ ئەنجامدانی نوێژەکان لەکاتی خۆیدا، ١٨٠پلە گۆڕام،

تەنانەت سەیرم لەخۆم دەهات کە بەوشێوەیە گۆڕاوم،

سوپاس بۆ خودا کە یارمەتیدام...

* دووربووم لەخودا و هەستم بەتەنیاییەکی زۆر دەکرد، ماوەیەک نوێژی ویتر و چێشتەنگاوم بەجوانی ئەنجام دەدا، دواتر خودا خوێندنی سوورەتی بەقەرەی بۆ ئاسان کردم، ڕۆژانە دەمخوێندەوە، سوپاس بۆ خودا تەواو ژیانم گۆڕا و خودا وەڵامی دامەوە و دەروونم ئارام و ئاسوودەبوو...

* ئەزموون و چیرۆکەکان لەگەڵ سوورەتی بەقەرەدا بە سەدان و هەزارانە، ئەمە مشتێکبوو لەو خەرمانە، باسکردنیان بۆ زیادبوونی یەقین و باوەڕی خوێنەران بوو، پشتیوان بەخودا تۆیش دەبیت بە یەکێک لە خاوەن ئەزموونەکان. سوپاس بۆ خودا لەناو کوردی خۆماندا دەیان ئەزموونی جوان هەیە لەگەڵ سوورەتەکەدا، بۆ خوێندنەوەی ئەو ئەزموونانە لە فەیسبوک سەردانی گرووپی (چیرۆکەکانی سەلاوات) بکە...

## چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەوانەی بەنیازن دەست بکەن بە لەبــەرکردنی قورئــانی پیرۆز، یــان بەنیــازی لەبەرکردنی ســوورەتی بەقـــەرەن:

- با نیەتت بۆ خودا بێت، ئیخلاست هەبێت.

- موراجەعەکردنەوە ئەساسی جوان لەبەرکردنە.

- دووبارەکردنەوە پاشان دووبارەکردنەوە.

- پێش لەبەرکردن گوێ لەقورئان خوێنێک بگرە...

- لە بنکە و ناوەندێک بخوێنە، لای مامۆستایەک بخوێنە، بەتەنیا قورئان لەبەر مەکە.

- سەرەتا چەند ئایەتێکی کەم لەبەربکە،

بۆ ئەوەی بەردەوام بیت، دواتر ئایەتەکان زیاتر بکە.

کەمێکی بەردەوام باشترە لە زۆرێک وازی لێ بهێنیت...

- خۆت بەکەسێکی تر بەراورد مەکە،

ڕۆژێک دێت تۆیش دەگەیت بە ئاستی ئەو بەڵکوو زیاتریش...

- شەرم مەکە ئەگەر مامۆستاکەت پێی وتیت:

(ئایەتەکە دووبارە بکەرەوە. ئاگاداری ئەو هەڵەیـە بە.

سبه‌ی دووباره لێت ده‌پرسمه‌وه...)

ئه‌وانه‌ی هه‌موو قورئانیان له‌به‌ركردووه به‌م قۆناغه‌ی تۆدا تێپه‌ڕیون...

– ئه‌گه‌ر به‌زه‌حمه‌ت سووره‌ته‌كه‌ت بۆ له‌به‌ر ده‌كرا،

هه‌وڵبده و به‌رده‌وام به، ئه‌مه هه‌مووی چاكه و پله به‌رزییه بۆت،

له‌گه‌ڵ به‌رده‌وامبوونت خودا بۆت ئاسان ده‌كات.

– بیرت بێت ئه‌وانه‌ی هه‌موو قورئانیان له‌به‌ركردووه،

به‌چه‌ندین ناڕه‌حه‌تی و سه‌ختیدا تێپه‌ڕیون،

ڕاستگۆیی پاشان ئارامگرتن دواتر گه‌یشتن به ئامانج...

## ئەم زیکرانە زۆر بڵێرەوە

لەدوای گەڕان و ڕامانێکی زۆر،

بۆم دەرکەوت ئەو زیکر و دوعایانەی لە قورئان و سوننەتەدا

فەرمانمان پێکراوە زۆر بیلێینەوە، شەش زیکر و دوعایە:

**یەکەم:** سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ.

بەردەوام سەڵاوات بدە،

بۆ ئەوەی لەخەم دووربیت و خودا لەتاوانەکانت خۆشبێت..

**دووەم:** زۆر وتنی (أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ)

بەردەوام داوای لێخۆشبوون کردن لەخودا...

**سێیەم:** (یا ذا الجلالِ والإِکرامِ) زۆر وتنی ئەم زیکرە،

زیندووکردنەوەی سوننەتێکی فەرامۆشکراوە،

پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: (أَلِظُّوا بیا ذا الجلالِ والإِکرامِ)

واتە زۆر بیلێنەوە و پەیوەستی بن...

لەدوعاکانتدا ئەم دوو وشە زۆر بڵێرەوە...

**چوارەم:** (لا حولَ ولا قوَّةَ إلَّا باللَّهِ)

پێغەمبەری خوداﷺ وەسیەتی بۆ هاوەڵانی دەکرد ئەم زیکرە بخوێنن،

فەرموویەتی گەنجینەیەکە لە گەنجینەکانی بەهەشت...

**پێنجەم:** دوعاکەی پێغەمبەر یونس:

﴿ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾

ئەم زیکرە خەم ڕەوێنە و دڵخۆشی دەهێنێت...

**شەشەم:** (سُبحانَ اللهِ والحمدُ للهِ و لا إلهَ إلَّا اللهُ و اللهُ أكبَر)

ئەم زیکرانە خۆشەویسترین وتەن لەلای خودا...

* عیبرەت و سوود و بەرهەمی دوعا و زیکرەکان،

لە زۆر وتنەوە و دووبارەکردنەوە و تێڕاماندایە لێی...

ئەم شەش زیکرە یەکێکە لە بەهێزترین چەکەکان لە دژی شەیتان و خەم و خەفەت و نەخۆشی و ناخۆشی و تاوان...

## سەڵاواتی ئیبراهیمی

* یەکێک لەنهێنیەکانی قبوڵبوونی دوعاکان و
فراوانی ڕۆزی و نەمانی خەفەت سەڵاواتی ئیبراهیمیە،
سەڵاواتی ئیبراهیمی تەنیا بۆ ڕۆژی هەینی نییە،
بەڵکوو پڕۆژەی تەمەنتە و شەو و ڕۆژ دووبارەی بکەرەوە،
ڕۆژانە کاتێک دابنێ بۆ سەڵاواتی ئیبراهیمی،
دواتر بزانە چۆن چەندین شت لەژیانتدا دەگۆڕێت...

ئەو دەمەی زۆر سەڵاواتی ئیبراهیمی دەڵێیتەوە،
خودا شیفات دەدات و لە بەڵا بە دوورت دەکات،
بەرەو باشتربوون دەچیت و ژیانت تەواو دەگۆڕێت...
ئەگەر دەتەوێت گۆڕانکاری ڕیشەیی لەژیانتدا ببینیت،
زۆر سەڵاوات بدە لەسەر پێغەمبەری خودا

لە خەمەوە دەچیت بۆ خەم، لە نارەحەتیەوە بۆ نارەحەتی،
هەتا دەست دەگریت بە سەڵاواتی ئیبراهیمی،
بە ویستی خودا خەم و خەفەتت نامێنێت...

سەڵاواتی ئیبراهیمی بەم شێوەیەیە، لەبەری بکە و بەردەوام بیخوێنە:

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ

* ئیبن جەوزی دەفەرموێت: بزانن هەر موسڵمانێک

زۆر سەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ لێ بدات،

ئیللا خودا دڵی ڕووناک دەکاتەوە، لە تاوانەکانی خۆشدەبێت،

سینەی فراوان دەکات و کاری بۆ ئاسان دەکات،

زۆر سەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوداﷺ بدەن.

* * *

* ئیبن قەییم دەفەرموێت: هەر کەسێک دەیەوێت سینەی فراوان بێت و

خودا لە تاوانەکانی خۆشببێت و ناڕەحەتی و خەمەکانی نەمێنێت،

با زۆر سەڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ.

* * *

* له گه‌وره‌ترین داواكارییه‌كانی دونیا: (دووربوونه له خه‌م)

له گه‌وره‌ترین داواكارییه‌كانی دواڕۆژ: (لێخۆشبونه له تاوانه‌كان)

سه‌ڵاواتدان له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ری خودا ﷺ هه‌ردووكیت پێ ده‌به‌خشێت:

له خه‌م به‌دوورت ده‌كات و ده‌بێته هۆكاری لێخۆشبوونیشت!

* ئه‌و ده‌مه‌ی دوعا ده‌كه‌یت، له پێش دوعاكردن و

له‌كۆتایی دوعاكه‌تدا سه‌ڵاوات بده له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ری خوداﷺ،

چونكه هه‌ر دوعایه‌ك به‌وشێوه‌یه بێت وه‌رگیراوه...

كه خودا دوو سه‌ڵاواتت لێ قبوڵ بكات،

دڵنیابه دوعاكه‌ی نێوانیان ڕه‌ت ناكاته‌وه...

* یه‌كێك له پیاوچاكان فه‌رمووی:

سه‌ڵاواتدان له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ری خوداﷺ

چاكه‌كردنه له‌گه‌ڵ دایك و باوكدا!

پرسییان: چۆن؟ فه‌رمووی:

چونکە فریشتەکان سڵاوەکەی دەگەیەنن بە پێغەمبەری خوداﷺ،
دەڵێن: فڵانی کوڕی فڵان سڵاوی لێ کردوویت...

هۆکارێک بێت لەلای ئەو باسی باوکت بکرێت،
جۆرێکە لە چاکەکردن لەگەڵیاندا...

## چەند سوودێکی تری سەڵاوات

ئیبن قەییم لە کتێبی (جلاء الأفهام في فضل الصلاة والسلام على خير الأنام)

ئەم سوودانەی سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خودا باس دەکات:

١. گوێڕایەڵی کردنی فەرمانی خودایە.

٢. هۆکارە بۆ ئەوەی ناوت لەلای پێغەمبەری خودا ﷺ بهێنرێت.

٣. بەرپاکردنی بچوکترینی مافی پێغەمبەری خودایە لەسەرمان.

٤. یەک سەڵاوات بدەیت، خودا دە سەڵاواتت لەسەر دەدات.

٥. دە پلە بەرز دەبیتەوە.

٦. دە چاکەت بۆ دەنووسرێت.

٧. دە تاوانت دەسڕێتەوە.

٨. ئەگەر پێش دوعاکانت بیڵێیت، ئومێد دەکرێت وەڵام بدرێتەوە.

٩. هۆکارە بۆ ئەوەی بەر شەفاعەتی پێغەمبەری خودا بکەویت.

١٠. هۆکارە بۆ لێخۆشبوونی تاوانەکانت.

١١. لەخەم دوور دەبیت و بەستە.

١٢. لە ڕۆژی قیامەتدا لە پێغەمبەری خوداوە نزیک دەبیت.

١٣. وه‌ک سه‌ده‌قه وایه بۆ که‌سێک که هه‌ژاره.

١٤. هۆکاره بۆ ئه‌وه‌ی پێویستیه‌کانت جێبه‌جێ ببێت.

١٥. فریشته‌کان سه‌ڵاواتت له‌سه‌ر ده‌ده‌ن.

١٦. هۆکاری پاکبوونه‌وه‌یه بۆ که‌سه‌که.

١٧. هۆکارێکه بۆ ئه‌وه‌ی بچیته سه‌ر ڕێگای به‌هه‌شت.

١٨. هۆکاری ڕزگاربوونه له ناڕه‌حه‌تیه‌کانی ڕۆژی دوایی.

١٩. به‌هۆیه‌وه ئه‌وه‌ی له‌یادت چووه دێته‌وه یادت...

٢٠. پێغه‌مبه‌ری خودا ﷺ وه‌ڵامی سه‌ڵاواته‌که‌ت ده‌داته‌وه

٢١. هۆکاره بۆ ئه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا خۆشی بوێیت.

٢٢. ده‌تپارێزێت له هه‌ژاری.

٢٣. هۆکاره بۆ هیدایه‌ت و ژیانه‌وه‌ی دڵی به‌نده.

٢٤. له‌سه‌ر پردی سیرات نوور و ڕووناکیت زیاد ده‌کات.

٢٥. هۆکاره بۆ به‌ده‌ستهێنانی ڕه‌حمی خودا.

٢٦. هۆکاره بۆ ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر پردی سیرات جێگیربیت و تێی په‌ڕێنیت.

٢٧. هۆکاره بۆ ئه‌وه‌ی دانیشتنه‌کانت باش بێت و نه‌بێته حه‌سره‌ت له ڕۆژی دوایدا.

٢٨. له‌و به‌خیلیه ده‌تپارێزێت، که ناوی پێغه‌مبه‌ری خودا ﷺ بهێنرێت و سه‌ڵاواتی له‌سه‌ر نه‌ده‌یت.

## چەند سوودێکی سوورەتی (الفلق والناس)

* هەر کەسێک بەیانیان و ئێواران

سوورەتی (الاخلاص و الناس و الفلق) بخوێنێت لەهەموو شتێک دەیپارێزێت.

عەبدوڵای کوڕی خوبەیب دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا ﷺ پێی وتم:

بەیانیان و ئێواران ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ و مەعوزەتەین بخوێنە دەتپارێزێت لەهەموو شتێک...

* پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر شوێنێکی ئازاری هەبوایە،

سوورەتی (الناس و الفلق)ی بەسەردا دەخوێند.

عائیشە دەفەرموێت:

ئەگەر پێغەمبەری خودا ﷺ شوێنێکی ئازاری هەبوایە

سوورەتی (الناس و الفلق)ی بەسەر خۆیدا دەخوێند و

دەستی دەهێنا بەجەستەیدا...

* پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: ئەی عوقبەی کوڕی عامر، هیچ سوورەتێک ناخوێنیت خۆشەویستر بێت لەلای خودا

لە سوورەتی ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ﴾ زیاتر، ئەگەر دەتوانیت لە هەموو نوێژێکدا بیخوێنیت، ئەوا بیخوێنە...

خوێندنی سوورەتی (الفلق و الناس) لەم کاتانەدا سوننەتە:

١. لەناو نوێژدا ٢. پێش خەوتن. ٣. بەیانیان و ئێوارن.

٤. ئەگەر شوێنێکت ئازاری هەبێت.

٥. بۆ خۆپاراستن لە شەیتان و چاوپیسی و جادوو.

٦. دوای نوێژە فەرزەکان.

* ئیبن قەییم لە (بدائع الفوائد)دا دەفەرموێت:

سوورەتی (الفلق والناس) کەس لێی بێ پێویست نابێت،

کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لە دوورخستنەوەی،

سیحر، چاو و زۆربەی خراپەکان.

پێویستی مرۆڤەکان بۆ ئەم دوو سوورەتە،

زۆرترە لە پێویستی نەفس بۆ خواردن و خواردنەوە و پۆشاک...

* زانایان دەفەرموون:

سوورەتی (الفلق): خۆپاراستنە لە خراپە دەرەکیەکان.

سوورەتی (الناس): خۆپاراستنە لە خراپەکانی ناخ (وەسوەسە)

باشترین قەڵان بۆ خۆپاراستن لە چاو و جادوو و خراپە...

## چەند وتەیەك لەسەر نوێژی بەیانی

*ئەی ئەوانەی نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا ئەنجام دەدەن،
ئەم شایەتیەی فریشتەکان بەسە بۆ ئێوە،
پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت:
بە شەو هەندێک لە فریشتەکان چاودێرن بەسەرتانەوە،
بە ڕۆژیش هەندێک لە فریشتەکان چاودێرن بەسەرتانەوە،
لە نوێژی بەیانیان و عەسراندا بەیەک دەگەن،
دواتر فریشتەکانی شەو بەرزدەبنەوە بۆ لای خودا،
خودا لێیان دەپرسێت – کە خۆی باشتر لە دۆخیان دەزانێت–:
بەندەکانم چیان کرد کە جێتان هێشتن؟
دەفەرموون: کە چووین بۆ لایان نوێژیان دەکرد،
کـە جێمـان هێشتن نوێژیان دەکرد»

*«بێ بەشبوون ئەوەیە
هەشتی بەیانی هەستیت لەپێناوی ڕۆزیەکـەتدا،
بەڵام لەپێناوی ڕۆزیدەرەکەتدا بۆ نوێژی بەیانی هەڵنەسیت»

کاتی بانگی بەیانی هەتا خۆرهەڵاتن،

نزیکترین کاتە لە کەشی بەهەشتەوە...

* ئەوانەی بۆ نوێژی بەیانی هەڵناسن،

ئەگەر چێژی سوجدەی نوێژی بەیانیان بچەشتایە،

پەیان بەوە دەبرد خەوتن لەو دەمەدا تەنها سزایە بۆیان...

دوورکەوتنەوەت لە جێگا گەرمەکەت،

لەپێناو ئەنجامدانی نوێژی بەیانیدا،

ڕاستگۆترین بەڵگەیە بۆ خۆشەویستی خودا...

دەستنوێژگرتنت بۆ نوێژی بەیانی

لەگەڵ هەستکردنت بە سەرمایەکی زۆر،

ئەو لەرزینە بەسە بۆ ئەوەی

چەندین شاخی تاوان وردوخاش بکات...

ئەو دەمەی هەڵدەستیت بۆ نوێژی بەیانی،
بزانە خودا لەنێوان ملیۆنەها کەسدا هەڵیبژاردویت،
ئەمەیش نیعمەتێکی گەورەیە و
شایەنی ئەوەیە سوپاسی خودا بکەیت لەسەری...

پارێزگاری کردن لە نوێژی بەیانی و عەسر،
هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە بەهەشتدا خودا ببینیت...
- شێخ ئیبن باز.

ئەگەر خەوت قورسە و بۆ نوێژی بەیانی خەبەرت نابێتەوە:
پێش ئەوەی بخەویت دوو ڕکات شەونوێژ بکەیت،
دواتر دوعا بکە
کە خودا یارمەتیت بدات هەستیت بۆ نوێژی بەیانی...
هەتا خەو دەتباتەوە ئەم زیکرە بڵێرەوە: «لاحولَ ولا قوَّةَ إلَّا باللَّهِ.»
بڕوابکە خۆت کاریگەری ئەم کارەت دەبینیت و
پشتیوان بەخودا بە ئاسانی بۆ نوێژی بەیانی...

## بۆچی نوێژ باشترە لەخەو (الصلاة خير من النوم)؟!

چونکە خەو وەڵامدانەوەی نەفسە،

نوێژ وەڵامدانەوەی بانگی خودایە.

چونکە خەو وەک مردنە، نوێژ ژیانە.

چونکە خەو پشووی جەستەیە، نوێژ پشووی ڕووحە.

چونکە موسڵمان و غەیری موسڵمان هاوبەشن لەخەودا،

بەڵام نوێژ تەنیا هیی موسڵمانانە.

نوێژی بەیانی چەند جوانە،

بە فەرزەکەی: دەچیتە ژێر پارێزگاری و چاودێری خوداوە.

بە سوننەتەکەی: لە دونیا و ئەوەی تێیدایە باشترە.

بە قورئانخوێندنەکەی: فریشتەکان ئامادەی دەبن.

ئەوانەی نوێژ بەیانی دەکەن دەستەیەکی بژاردەن،

ڕووخساریان نوورانیە و ڕووحیان ئاسوودەیە و

کاتەکانیان پڕ بەرەکەتە..

## بۆ لەبەرکردن و جـوان تێگـەیشتن لەسوورەتی بەقەرەدەتوانیت سود لەم خشتە ببینیت

ئەم ئاسانکارییەم لە (الحفظ المیسر، طریقة مبتكرة لتیسر حفظ القران الكريم باستخدام روابط اللفظیة و المعنویة و الموضوعیة) وەرگرتووە لە ئامادەکردنی: موحەممەد سەید ماضی. بەشی سوورەتی بەقەرەم لێ کردەوە بە کوردی، بۆ ئەوانەی خەریکی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزن موصحەفێکی زۆر بەسوودە و ئاسانکاری زۆری تێدایە، لە زۆربەی کتێبخانەکان دەست دەکەوێت و لەلای مامۆستایەک بخوێنرێت زۆر سوودی دەبێت. دەتوانیت بۆ لەبەرکردنی سوورەتی بەقەرە سوود لەم ڕوونکردنەوەیە ببینیت، بەجۆرێک هەر بڕگەیەک نیو لاپەڕەیە، دەتوانیت لەسەر دەفتەرێک بینووسیتەوە، سەرەتا بڕگەکە بنووسیت، دواتر ئایەتەکانی ئەو بڕگەیە لە ژێریدا بنووسیت، بەمشێوەیە هەم جوانتر لە سوورەتەکە تێدەگەیت، هەم بۆ لەبەرکردنی سوورەتەکەیش ئاسانکاریەکی زۆرت بۆ دەکرێت...

سوورەتی بەقەرە بە ٩٤ بڕگە ڕوون کراوەتەوە، پێم باشە هەر بڕگەیەک بە یەک ڕۆژ یان دوو ڕۆژ لەبەر بکرێت و ڕۆژانی هەینی تایبەت بکرێت بۆ پێداچوونەوە، ئەم ڕوونکردنەوەیە تەنیا بۆ لەبەرکردن نییە بەڵکوو بۆ جوان تێگەیشتنی سوورەتی

بەقەرەیە، بۆ ئەوەی دوای خوێندنەوەی بەم تێگەیشتنەوە بەهرەمەندبین لەزۆرترین فەزڵ و بەرەکەتی ئەم سوورەتە...

**وەک ئەم نموونەیە سوود لەم ڕوونکردنەوە ببینە:**

**ئایەتی ١ بـۆ ٥ باسی سیفاتی باوەڕداران دەکات.**

سەرەتا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە باوەڕیان بە غەیب هەیە و نوێژ دەکەن و دەبەخشن، دواتر هۆکارەکانی ڕزگاربوونیان ڕوون دەکاتەوە.

﴿الٓمٓ ١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣ وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ وَبِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ٤ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٥﴾

بەم شێوەیە هەم سوورەتەکە لەبەر دەکەیت، بەجوانیش لە سوورەتەکە تێ گەیشتووی، لە کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا لە یوتوب چاوم کەوت بە ڤیدۆیەکی دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی، کە دەستی کردووە بە تەفسیرکردنی سوورەتی بەقەرە، پشت بەخوا ئێوەیش بینەری ئەو زنجیرە بن بێگومان سوودێکی زۆری لێ دەبینن...

**ئایەتی ١ بۆ ٢٠ خەڵکی لە عیبادەتدا چەند جۆرێـکن :**

* ئایەتی ١ بۆ ٥ باسی سیفاتی باوەڕداران دەکات.

سەرەتا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە باوەڕیان بە غەیب هەیە و نوێژ دەکەن و دەبەخشن، دواتر هۆکارەکانی ڕزگاربوونیان ڕوون دەکاتەوە.

* ئایەتی ٦ بۆ ٧ باسی سیفاتی بێ باوەڕان دەکات: باسی چینی بێباوەڕان دەکات، ئەوە ڕوون دەکاتەوە مۆردراوە لە دڵیان، دواتر هەڕەشەیان لێ دەکات بە سزایەکی سەخت.

* ئایەتی ٨ بۆ ٢٠ باسی سیفاتی دووڕووەکان دەکات: بەڕووکەش ئیسلامن و لەناخەوە بێباوەڕن، فریودەرن، دڵیان نەخۆشە، درۆ دەکەن، خراپەکاری دەکەن و گومانیان وایە چاکسازن، خۆیان لەخەڵکی بە گەورەتر دەزانن، پیلانگێڕی دژی باوەڕداران دەکەن، گاڵتەیان پێ دەکەن...دواتر خودا باسی سەرەنجام و خەسارەتمەندیەکەیان دەکات. لە ئایەتی ١٧ بۆ ٢٠ بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی سروشتی دووڕووەکان، خودا دوو نموونە دەهێنێتەوە و دەریدەخات حاڵیان چۆنە لەگەڵ وەحیدا:

**یەکەم:** نموونەیەکی ئاگرییە (کەسێک کە ئاگرێکی کردۆتەوە).

**دووەم:** ئاویی (بارانێکی بەهێز و بەخۆڕ)

**ئایەتی ٢١ بـۆ ٢٩ :**

* لە ئایەتی ٢١ بۆ ٢٤ دوای ئەوەی خودا باسی سێ جۆر لە مرۆڤەکانی کرد، لێرەدا فەرمانیان پێ دەکات بەندایەتی بکەن و تەماشای بڕێک لەنیعمەتەکانی بکەن، دواتر باسی ئەوە دەکات کە ناتوانن سوورەتێکی هاوشێوەی ئەم قورئانە بهێنن...

* لە ئایەتی (٢٥) مژدە دەدات بە باوەڕداران کە بەهەشتیان بۆ هەیە و وەسفی چەندین نیعمەتی بەهەشتیان بۆ دەکات...

* لە ئایەتی (٢٦ بۆ ٢٩) دوای ئەوەی خودا تەحەدای بێباوەڕانی کرد کە سوورەتێکی وەک قورئان بهێنن، لێرەدا وەڵامی گومانێکیان دەداتەوە کە وتویانە شایستە نییە خودا نموونە بهێنێتەوە بە هەنگ و مێش و مێروولە، خودا ئەوە ڕوون دەکاتـەوە کە ئەم نموونانە ئیمانی باوەڕداران زیاد دەکات و گومڕایی کافرەکانیش زیاتر دەکات، دواتر هەڕەشە لە بێباوەڕان دەکات بەهۆی ئەوەی باوەڕیان بە خودا نەهێناوە، دواتر باسی دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی دەکات...

**ئایەتی ٣٠ بۆ ٣٩ چیرۆکی سەرەتای بەندایەتی خەلقی پێغەمبەر ئادەم :**

* ئایەتی (٣٠ بۆ ٣٣) باسی چیرۆکی خەڵقی پێغەمبەر ئادەم دەکات، لەگەڵ ڕێزلێنانی و فێرکردنی ناوی شتەکان...

* ئایەتی (٣٤ بۆ ٣٧) خودا فەرمان بە فریشتەکان دەکات سوجدە بۆ پێغەمبەر ئادەم ببەن، باسی لوتبەرزی ئیبلیس دەکات، دواتر دێتە سەرباسی نیشتەجێبوونی پێغەمبەر ئادەم و حەوا لە بەهەشتدا، لەگەڵ خواردنیان لەبەری درەختەکە و دابەزینیان بۆ سەر زەوی و قبوڵبوونی تەوبەکەی ئادەم...

**ئایەتی (٤٠ بۆ ١٠٣) نموونەی نەرێنی، ئەم ئایەتانە باسی ئەوە دەکەن کە بەنی ئیسرائیل پەیمانیان شکاندووە...**

* ئایەتی(٤٠بۆ٤٣) لێرەوە خودا باسی بەنی ئیسرائیل دەکات، بیریان دەخاتەوە چەندین نیعمەتی پێ بەخشیون، بانگیان دەکات بۆ ئیمان هێنان بە قورئانی پیرۆز، فەرمانیان پێ دەکات بە نوێژ و ڕۆژوو.

* ئایەتی(٤٤ بۆ٤٨) لێرەدا سەرکۆنەیان دەکات لەسەر ئەوەی فەرمانیان بە خەڵکی کردووە چاکە بکەن و خۆیان لەیاد کردووە، فەرمانیان پێ دەکات پشت بە نوێژ و ڕۆژوو ببەستن، دواتر دووبارە نیعمەتەکان دەهێنێتەوە یادیان و لە ڕۆژی قیامەت ئاگاداریان دەکاتەوە...

* ئایەتی (٤٩ بۆ ٥٢) بەدرێژی باسی ئەو نیعمەتانە دەکات کە بەخشیویەتی بە بەنی ئیسرائیل، لەوەی لە فیرعەون و خنکان ڕزگاری کردون، هەروەها لێیان خۆشبوو دوای ئەوەی گوێرەکەیان پەرست.

* ئایەتی (٥٣ بۆ ٥٧) باسی هەندێ نیعمەتی تر دەکات بەسەر بەنی ئیسرائیلەوە: تەوراتی بۆ ناردون، تەوبەی قبوڵ کردون، دوای هەورەبروسکەکە زیندووی کردنەوە، مەن و سەلوای بۆ ناردن، بەڵام ستەمیان لەخۆیان کرد و یاخیبوون.

* ئایەتی (٥٨ و ٥٩) یەکێکی تر لەنیعمەتەکان بەسەریانەوە: ئەو دەمەی خودا فەرمانی پێکردن بە دەم سوجدەوە بچنە نێو (بيت المقدس)، داوا لەخودا بکەن لە تاوانەکانیان خۆشببێت، بەڵام ئەوان شتەکەیان گۆڕی و سەرپێچی خودایان کرد، خودایش لەسەر ئەو کارە سزای دان.

* ئایەتی(٦٠ و ٦١) یەکێکی تر لەنیعمەتەکان بەسەر بەنی ئیسرائیلەوە ئەوەبوو: دوای ئەوەی بەنی ئیسرائیل تینویانبوو، پێغەمبەر مووسا عەساکەی دا بە بەردێکدا، بوو بە دوانزە کانی، بە ئەندازەی عەشیرەتەکان، دواتر داوای جۆرەها خواردنیان کرد، تووشی زەلیلی و تووڕەیی خودابوون بەهۆی بێباوەڕیان و کوشتنی پێغەمبەران...

* ئایەتی (٦٢ بۆ ٦٦) لێرەدا خودا باسی پاداشتی ئەوانە دەکات باوەڕیان پێی هێناوە، دواتر باسی تاوان و خراپەی بەنی ئیسرائیل دەکات: هەڵوەشاندنەوەی پەیمان، فێڵکردن لە بڕیارەکانی شەرع

(چیرۆکی هاوه‌ڵانی شه‌ممه).

* ئایه‌تی (٦٧ بۆ ٧٤) باسی چیرۆکی مانگاکه‌ی به‌نی ئیسرائیل ده‌کات: پیاوێک له‌ به‌نی ئیسرائیل خاوه‌ن سه‌روه‌تێکی زۆربوو، برازاکانی ئاواته‌خوازبوون بمرێت، بۆ ئه‌وه‌ی میراتیه‌که‌ی دابه‌ش بکه‌ن، یه‌کێکیان پیاوه‌که‌ی کوشت، دواتر که‌سانی تریان به‌ کوشتنه‌که‌ تۆمه‌تبار کرد، خه‌ڵکی چوون بۆ لای پێغه‌مبه‌ر مووسا، بۆ ئه‌وه‌ی یه‌کلاییان بکاته‌وه‌، خودا وه‌حی بۆ نارد که‌ مانگایه‌ک سه‌رببڕن، سه‌یریان لێ هات و زۆر پرسیاریان کرد له‌باره‌ی سیفاتی مانگاکه‌وه‌، دوای ئه‌وه‌ی مانگاکه‌یان سه‌ربڕی، به‌شێکیان دا له‌ لاشه‌ی مردووه‌که‌، هه‌ستایه‌وه‌ و پێی ڕاگه‌یاندن کێ کوشتویه‌تی، دواتر مرد...

* ئایه‌تی (٧٥ و ٧٦) دوای ئه‌وه‌ی خودا باسی کاره‌خراپه‌کانی پێشوویانی کرد، له‌م دوو ئایه‌ته‌دا هه‌ڵوێستی جوله‌که‌کانی سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ری خودا باس ده‌کات، باسی دووڕووی و گۆڕینی قسه‌کانیان ده‌کات.

* ئایه‌تی (٧٧ بۆ ٧٩) لێره‌دا خودا سه‌رکۆنه‌ی جووه‌کان ده‌کات، ئه‌وه‌ ڕوون ده‌کاته‌وه‌ ته‌نیا ته‌ورات ده‌خوێننه‌وه‌ به‌بێ ئه‌وه‌ی لێی تێبگه‌ن و لێی ڕابمێنن، هه‌ڕه‌شه‌ له‌وانه‌یش ده‌کات که‌ ده‌ستکاری ته‌وراتیان کردووه‌.

* ئایه‌تی(٨٠ بۆ ٨٢) که‌ باوه‌ڕیان وابوو ئاگر ته‌نیا چه‌ند ڕۆژێک ده‌یانسوتێنێت، خودا وه‌ڵامیان ده‌داته‌وه‌ و ئه‌وه‌ ڕوون ده‌کاته‌وه‌

بۆ هەتاهەتایە لە ئاگردا دەبن و باوەڕداران بۆ هەمیشەیی لە بەهەشتدا دەبن...

* ئایەتی (٨٣) باسی ئەو پەیمانە دەکات کە لە هەشت شتدا لە بەنی ئیسرائیلدا وەرگیراوە: جگە لەخوا کەسی تر نەپەرستن، لەگەڵ دایک و باوکدا چاکەکار بن، لەگەڵ خزمان و هەتیوان و هەژارانیشداو گوفتاری چاکبن، بە جوانی لەگەڵ خەڵکیدا قسە بکەن، نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش بدەن...

* ئایەتی(٨٤ بۆ ٨٦)بەنی ئیسرائیل پەیمانەکەیان شکاند، خوێنڕشتن و دەرکردن و شاربەدەرکردنی هەندێکیان دیاردەبوو لەنێوانیاندا، کە کەسێکیان بە ئەسیری بگیرایە، پارەیان دەدا بۆ ڕزگاربوونی، کە لێیان دەپرسین:

بۆچی دەریان دەکەن و دواتر فیدیەیان بۆ دەدەن؟!

دەیانوت: لە تەوراتدا فەرمانمان پێکراوە بە فیدیەدان...

* ئایەتی (٨٧ و ٨٨) دواتر خودا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پێغەمبەرێکی زۆر نێردراوە بۆ نەوەی ئیسرائیل، بەڵام لوتبەرزیان نواندووە، دەستەیەک باوەڕیان پێیان نەهێناوە، دەستەیەکی تریش پێغەمبەرەکەیان کوشتووە (وەک چۆن بەرانبەر پێغەمبەر یەحیا ڕوویداوە)

* ئایەتی (٨٩ بۆ ٩١) کەچی ئێستا باوەڕ ناکەن بەوەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزیووە، لەگەڵ ئەوەی دەزانن ڕاستگۆیە، تەنیا لوتبەرزی و ئیرەیی بوو بە هۆی ئەوەی باوەڕی پێ نەکەن.

ئەو دەمەی وتیان: باوەڕ دەهێنین بۆ ئەوەی بۆمان دابەزیووە، جگە لەوە باوەڕ بەهیچ شتێکی تر ناکەین! پێیان وترا: ئەگەر ڕاست دەکەن، بۆچی پێغەمبەرەکانتان کوشت؟!

* ئایەتی(٩٢و٩٣)دواتر ئەوەیان بیردەخاتەوە کە بەرانبەر مووسا ئەنجامیانداوە، پەیمانی لێ وەرگرتن هەرچی لەلای خوداوە هات قبوڵی بکەن، ئەوانیش وتیان: بیستمان، بەڵام دواتر چوون گوێرەکەیان پەرست...

* ئایەتی(٩٤ بۆ ٩٦) باسی ئەوە دەکات جووەکان چەندێ مکوڕبوون بۆ ژیانی دونیا، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد میلەتی خودان و بەهەشت تایبەتە بە ئەوان و جگە لە ئەوان کەسی تری تێ ناچێت، خودا بەوە تەحەدای کردن کە ئەگەر ڕاست دەکەن ئاوات بە مردن بخوازن.

* ئایەتی(٩٧و٩٨) باسی دژایەتی جووەکان دەکات بەرانبەر فریشتەکان و پێغەمبەران.

* ئایەتی (٩٩ بۆ ١٠١) باسی ئەوە دەکات کە جولەکە باوەڕیان بەوە نەهێنا کە بۆ پێغەمبەری خودا دابەزیووە و پشتیان لەقورئانی پیرۆز کرد...

* ئایەتی (١٠٢) باسی سەرقاڵبوونی جولەکەکان دەکات بە سیحرەوە، لەگەڵ بێ ئەدەب بوونیان بەرانبەر پێغەمبەران، بەجۆرێک سیحر و فێربوونیان دایە پاڵ پێغەمبەر سولەیمان، خودا لەو تۆمەتە بەری کرد، دواتر ئەوەی ڕوونکردەوە هەر خێرێک یان شەڕێک ڕووبدات ئیللا بە ئیزنی خودا ڕوودەدات.

* ئایەتی(١٠٣ بۆ ١٠٥) دوای ئەوەی خودا باسی ئەوەی کرد بێ ئەدەب بوونە بەرانبەر پێغەمبەرانی پێشوو، لەم ئایەتانەدا باسی ئەوە دەکات بێ ئەدەب بوونە بەرانبەر پێغەمبەری خودایش ﷺ، بە کۆمەڵێک وشەی نەشیاو بانگیان کردووە، دواتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەهلی کیتاب و موشریکەکان هەرگیز حەز بەخێر و چاکەی ئیمانداران ناکەن.

* ئایەتی(١٠٦ بۆ ١٠٩) دوای ئەوەی خودا وشەی (راعنا)ی لەسەر موسڵمانان حەرام کرد کە پێشتر حەڵاڵبوو چونکە لای جووەکان ئەم وشەیە بۆ مەبەستی خراپ بەکار دەهات، ئەهلی کیتاب ئەم نەسخبوونەوەیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی موسڵمانەکان گومان بکەن لە ڕاستی ئیسلام، خودا ڕوونی کردەوە کە ئەوە بۆ حیکمەتێکە، دواتر باسی ئەوە دەکات کە ئەهلی کیتاب خوازیارن باوەڕداران لەدینەکەیان هەڵبگەڕێنەوە.

* ئایەتی(١١٠ بۆ ١١٢) باسی ئەوە دەکات جووەکان و گاورەکان هەردوولایان بانگەشەی ئەوە دەکەن بەهەشت تایبەتە بەخۆیان، جگە لە ئەوان ناچێتە ناویەوە، خودا بە درۆیان دەخاتەوە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەهەشت بۆ ئەو کەسانەیە کە موسڵمانبوونە...

* ئایەتی (١١٣ بۆ ١١٥) لێرەدا خودا بۆچوونیان بەرانبەر یەکتری دەخاتە ڕوو، دواتر باسی ستەمی ئەو کەسانە دەکات کە ڕێگری لە خەڵکی دەکەن نوێژ لە مزگەوتدا بکەن، پاشان ئەوە باس دەکات دروستە لەهەموو شوێنێکدا نوێژ بەرپابکرێت...

* ئایەتی(١١٦ بۆ ١١٩) باسی بوختانەکانی جولەکە و گاورەکان و موشریکەکان دەکات، بەوەی منداڵیان داوەتە پاڵ خودا، یان دەیانوت: بۆچی خودا قسەمان لەگەڵدا ناکات کە تۆ پێغەمبەری ئەویت، با موعجیزەیەکمان پێشان بدات.

دواتر خودا باسی کاری هەرە گرنگی پێغەمبەری خودا ﷺ دەکات.

* ئایەتی (١٢٠ بۆ ١٢٣) موسڵمانەکان چەندێ خێر و چاکەبکەن، جولەکە و گاورەکان لێیان ڕازی نابن هەتا واز لە دینی خۆیان نەهێنن و شوێنی گومڕاییەکەیان نەکەون، دواتر هەندێک لەنیعمەتەکان دەهێنێتەوە یادی (بەنی ئیسرائیل) و قیامەت دەخاتەوە بیریان...

**ئایەتی ١٢٤ بۆ ١٤١ باسی چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم دەکات..**

* ئایەتی(١٢٤ بۆ ١٢٦)سەرەتای سوورەتەکە خودا فەرمانی بەهەموو بەندەکانی کرد کە پەرستشی بکەن، دواتر لە چەندین ئایەتدا باسی بەنی ئیسرائیلی کرد وەک نموونەیەک کە سەرپێچی خودایان کردووە، نموونەیەکی نەرێنی بوون، لێرەوە باسی چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم دەکات، کە نموونەیەکی ئەرێنیە و فەرمانی خودای بەجێهێناوە...

* ئایەتی (١٢٧ بۆ ١٣١) باسی بونیادنانەوەی کەعبە دەکات، دوعای پێغەمبەر ئیبراهیم و ئیسماعیل بەوەی خودا کارەکەیان

لێ قبوڵ بکات، لە نەوەکانیان پێغەمبەرێک بنێرێت بۆیان. دواتر باسی گەمژەیی ئەوانە دەکات کە لە میللەتی ئیبراهیم لادەدەن...

* ئایەتی(١٣٢بۆ١٣٤) وەسیەتی پێغەمبەر ئیبراهیم بۆ دوو کوڕەکەی، وەسیەتی پێغەمبەر یەعقوب بۆ کوڕەکانی، بەوەی دەست بگرن بە دینی ئیسلامەوە کە ئایینی سەرجەم پێغەمبەرانە...

* ئایەتی (١٣٥ بۆ ١٣٨) جووەکان و گاورەکان داوا لە موسڵمانەکان دەکەن ببن بە جولەکە یان گاور، خودا وەڵامیان دەداتەوە و ئەوە ڕوون دەکاتـەوە پێویستە باوەڕ بهێنین بەهەموو ئەوانەی بۆ سەرجەم پێغەمبەران دابەزیووە.

* ئایەتی(١٣٩بۆ١٤١) وەڵامی جولەکە و گاورەکان دەدرێتەوە لەوەی موناقەشە دەکەن ئەولاترن بە خودا، ئەو بانگەشەیان بەتاڵ دەکاتەوە کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و یەعقوب نەوەکانی جولەکە و گاوربوونە، ئەوان نێردراون و مردون پێش دابەزینی تەورات و ئینجیل...

لێرەدا جوزئی یەکەم تەواو دەبێت.

**ئایەتی ١٤٢ بۆ ١٥٢ باسی چیرۆکی گۆڕینی قیبلە دەکـات...**

* ئایەتی (١٤٢ بۆ١٤٣) دوای باسکردنی ئیبراهیم و بونیادنانەوەی کەعبەی پیرۆز، باسی گۆڕینی ئاڕاستەی قیبلە هات بەرەو کەعبەی پیرۆز، وەڵامی قسەی جولەکە و موشریکەکان دەداتەوە لەسەر گۆڕینی ئاڕاستەی قیبلە، دواتر خودا فەزڵی ئەم ئوممەتە ڕوون دەکاتەوە.

سوورەتی بەقەرە ٢٨٦ ئایەتە واتە نیوەی ئایەتەکانی ئایەتی ١٤٣یە، خودایش لە ئایەتی ١٤٣دا دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا﴾

واتە: ئێوەمان کردووە بە ئومەتێکی وەسەت و میانڕەو...

* ئایەتی(١٤٤بۆ ١٤٥) گۆڕینی قیبلە بەرەو کەعبەی پیرۆز، لەگەڵ واجبوونی ئەوەی لەنوێژدا ڕووی تێ بکرێت لە هەر شوێنێکی ئەم زەویەوە بێت، دواتر ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی شوێنی ئەهلی کیتاب بکەوین...

* ئایەتی (١٤٦بۆ١٥٠) خودا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە زاناکانی ئەهلی کیتاب دەزانن پێغەمبەری خودا ﷺ ڕاستگۆیە بەڵام حەقەکە دەشارنەوە، دواتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە هەموو ئوممەتێک لە ئوممەتەکان ئاڕاستەیەکیان هەیە ڕووی تێدەکەن، بەڵام (ئاڕاستە) بنەڕەتی نزیکبوونەوە نییە لەخودا، گرنگ پێشبڕکێ کردنە بۆ کاری چاکە و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خودا، یەکێک لە فەرمانەکانیش ڕووکردنە کەعبەی پیرۆزە...

* ئایەتی(١٥١ بۆ ١٥٣) دوای ئەوەی خودا باسی نیعمەتی گۆڕینی قیبلەی کرد، لەم ئایەتانەدا خودا نیعمەتی ناردنی پێغەمبەر ﷺ دەخاتەوە یادی باوەڕداران، دواتر فەرمان دەکات یادی و شوکرانەی بکەن، لەکاتی بەڵا و ناڕەحەتیدا پشت ببەستن بە ئارامگری و نوێژکردن.

* ئایەتی(١٥٤ بۆ١٥٧) خودا باسی جیهاد و تێکۆشان و شەهیدەکان دەکات، دواتر باس ئەو شتانە دەکات کە پێویستە لەپێناویدا ئارام بگریت وەک: ترس، برسێتی، کەمبوونەوەی سامان، لەدەستدانی منداڵ و کەسوکار... دواتر مژدەدات بە ئەوانەی لەو کاتانەدا ئارامگرن و خودا لەخۆیان ناڕەنجێنن...

* ئایەتی(١٥٨ بۆ١٦٣)خودا باسی دروستێتی سەفا و مەڕوە دەکات بۆ ئەوانەی حەج یان عومرە دەکەن، دواتر باسی ئەوە دەکات پێویستە زانست بڵاوبکرێتەوە و نەشاردرێتەوە، باسی حوکم و سەرەنجامی ئەو کەسە دەکات کە لەسەر کوفر مردووە، لەکۆتایی ئایەتەکاندا باسی تەوحید و بەتاکدانانی خودا دەکات...

* ئایەتی(١٦٤ و ١٦٥) دوای ئەوەی خودا باسی ئەوەی کرد پێویستە تەنیا ئەو بپەرستین و بەتەنیای بزانین، باسی کۆمەڵێک ئایەت دەکات کە بەڵگەیە بۆ تاک و تەنیایی خودا لەوانە: ئافراندنی زەوی و ئاسمانەکان، جیاوازی شەو و ڕۆژ، باران و با و زۆر شتی تریش، هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوانەی خاوەن ئاوەزن، بەڵام ئەوانەی ئاوەزیان نییە هاوبەشیان بۆ خودا داناوە و هێندەی خودا ئەو شتانانەیان خۆش دەوێت.

**ئایەتی ١٦٨ بۆ ٢١٩ باسی ژیان و عیبادەت دەکات.**

* ئایەتی(١٦٦بۆ١٦٩) دوای ئەوەی خودا سەرکۆنەی ئەوانەی کرد هاوبەشیان بۆ خودا داناوە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە ئەوانەی تەمەنیان سەرف کرد لە عیبادەتکردن بۆیان لەکاتی پێویستبوون پێیاندا خۆیان بەری دەکەن لێیان. دواتر خودا فەرمان دەکات شتی حەڵاڵ و پاک بخۆین، ئاگادارمان دەکاتەوە لە شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی شەیتان.

* ئایەتی (١٧٠ بۆ ١٧٣) دوای ئەوەی خودا ئاگاداری کردینەوە لە شوێنکەوتنی شەیتان، لەم ئایەتەدا موشریکەکان ئاگادار دەکاتەوە لەوەی لەکوفردا شوێنی باوباپیرانیان نەکەون، دەیانچوێنێت بە ئاژەڵ. لەئایەتی دواتردا دووبارە فەرمانمان پێ دەکات شتی حەڵاڵ و پاک بخۆین، دواتر باسی حەرامکراوەکان دەکات، بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون ببێتەوە کە حەرامکراوەکان کەمن و حەڵاڵکراوەکان زۆرن....لەو حەرامکراوانەی لە ئایەتەکەدا باسکراوە:

مردارەوەبوو، خوێن، گۆشتی بەراز، ئەو ئاژەڵەی بۆ غەیری خودا سەربڕدراوە.

* ئایەتی (١٧٤ بۆ ١٧٦) دوای ئەوەی خودا باسی خواردنە حەرامکراوەکانی کرد، خودا باسی ئەو خواردنە حەرامە دەکات کە زانا خراپەکان دەیخۆن کە وەک بەرتیل پێیان دەدرێت بۆ ئەوەی حەق و پێغەمبەرایەتی موحەممەد بشارنەوە.

* ئایەتی (١٧٧) جووەکان زۆر پڕوپاگەندەیان کرد سەبارەت بە گۆڕینی قیبلە، لەم ئایەتەدا خودا ئەوە ڕوون دەکاتەوە چاکە مۆڵ نییە لە ڕووکردنە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، جۆرەکانی چاکەکردن باس دەکات: باوەڕهێنان بەخودا و ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و کتێبە ئاسمانییەکان و پێغەمبەران، بەخشینی سەروەت و سامان، ئەنجامدانی نوێژ و زەکاتدان و بەوەفابوون بە بەڵێن...

* ئایەتی (١٧٨ بۆ١٨٢) لەم ئایەتانەدا خودا هەندێک لە حوکمەکان ڕوون دەکاتەوە: باسی حوکمی تۆڵەکردنەوە و وەسیەتکردن دەکات...

* ئایەتی(١٨٣ و ١٨٤) باسی واجبوونی ڕۆژوو دەکات لەسەر ئەم ئوممەتە، لەگەڵ بەشێک لە حوکمەکانیدا وەک: حوکمی کەسی موسافیر و نەخۆش کە ڕۆژوو دەشکێنن و دواتر قەزای دەکەنەوە.

* ئایەتی(١٨٥ و ١٨٦) لێرەدا ئەو مانگە دیاری دەکات کە تێیدا بە ڕۆژوو دەبین و فەزڵی مانگەکە ڕوون دەکاتەوە، دواتر باسی ئەوانە دەکات مۆڵەتیان دراوە بە ڕۆژوو نەبن، لەناوەڕاستی ئایەتەکانی ڕۆژوودا باسی دوعا دەکات، بۆ ئەوەی گرنگی دوعای کەسی ڕۆژووەوان دەربخات...

* ئایەتی(١٨٧ و ١٨٨) دووبارە خودا ئاسانکاری بۆ ڕۆژووگران دەکات، دواتر باسی فەزڵی مانەوە لەمزگەوت دەکات (ئیعتیکاف)، ئەو کەسەی بە ڕۆژ خۆی لە حەڵاڵکراوەکان گرتۆتەوە، پێویستە لەسەری ماڵی خەڵکی بە حەرام نەخوات.

* ئایەتی(١٨٩ و ١٩٠) کە ڕۆژووگرتن و هاتنی جەژن و حەج و هەندێ ئەحکامی جیهاد پەیوەندیان بە بینینی مانگەوە هەبوو، لەم ئایەتەدا باسی نوێبوونەوەی مانگەکان دەکات، کە یەکێکە لە حەوت پرسیارەکەی سوورەتی بەقەرە...

* ئایەتی(١٩١بۆ١٩٥) حەج لە مانگێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت، لەجاهیلەتدا کوشتار تێدا حەرامبوو، لێرەدا خودا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کوشتار لەو مانگانەدا دروستە ئەگەر بۆ بەرگری کردن بێت لە ئیسلام، چونکە ئەوە ئەوانن ڕێزی مانگەحەرامکراوەکانیان نەگرتووە، دواتر باسی گرنگی ماڵ بەخشین دەکات.

* ئایەتی (١٩٦) باسی هەندێک لە ئەحکامەکانی حەج و عومرە دەکات، باسی حوکمی ئەو کەسانە دەکات کە ڕێگریان لێ دەکرێت بۆ ئەنجامدانی حەج، حوکمی ئەو کەسەی بەشێوازی تەمەتوع حەج دەکات.

* ئایەتی (١٩٧ و ١٩٨) خودا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە حەج لە چەند مانگێکی دیاریکراودایە (شوال، ذي القعدة، ذي الحجة)، دواتر باسی دروستێتی بازرگانی دەکات لەکاتی وەرزی حەجدا، پاشان فەرمانمان پێ دەکات بەوەی یادی خودا زۆر بکەین...

* ئایەتی (٢٠٠ بۆ ٢٠٢) نیەتی و ئامانجی خەڵکی دەخاتە ڕوو، هەیانە هەموو خەمی دونیایە و تەنیا داوای ئەوە لەخودا دەکات، هەیانە داوای خێری دونیا و قیامەتی لێ دەکات، ئەمجۆرە کەسانە سەربەرز و سەرفرازن.

* ئایەتی (٢٠٣ بۆ ٢٠٧) لێرەدا خودا فەرمان دەکات لە ڕۆژەکانی جەژنی قوربان‌دا یادی بکەین، باسی دروستی تەعجیل دەکات (کەسەکە بیەوێت لە دوو ڕۆژدا شەیتان ڕەجم بکات و ڕۆژی سێیەم لەوێ نەمێنێتەوە)، دواتر باسی دوو جۆر لە خەڵکی دەکات: دووڕوو، باوەڕدار، یەکەم شتێک دەردەخات کە پێچەوانەی ناخیەتی، دووەم دڵسۆزە لەکردەوەکانیدا و مەبەستی ڕەزامەندی خودایە.

* ئایەتی(٢٠٨ بۆ٢١٠) دوای باسکردنی ئەو کۆمەڵە حوکمە، لێرەدا خودا بەندە باوەڕدارەکان بانگ دەکات بۆ ئەوەی هەموو ئیسلام قبوڵ بکەن و دووربن لە هەنگاوەکانی شەیتان، دواتر هەڕەشە لەوانە دەکات کە ئەو بەڵگە ڕوونانەی بۆ هاتووە و وازیان لێی هێناوە...

* ئایەتی(٢١١ بۆ ٢١٣) بانگمان دەکات پەند وەربگرین لە دۆخی بەنی ئیسرائیل کە سوودیان وەرنەگرت لە ئایەتە ڕوون و مەزنـەکان کە بەڵگەبوو بۆ ڕاستگۆیی پێغـەمبەرەکان، دواتر سەرکۆنەی خۆشەویستی دونیا دەکات، دواتر باسی کۆمەڵێک خەڵک دەکات لەسەر تەوحیدبوونە هەتا شەیتان گومڕایی کردون خودایش پێغەمبەری بۆ ناردون و کتێبی بۆ دابەزاندون.

* ئایەتی (٢١٤ و ٢١٥) دوای ئەوەی ڕوونی کردەوە کە هیدایەتی داون بۆ ڕێگای ڕاست، لێرەدا ئەوە دەخاتە بیریان کە ئەوەی ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر تاقیدەکرێتەوە و ناڕەحەتی دێتە ڕێی، دواتر پرسیاری دووەم دێت:

کە دەربارەی بەخشینی سوننەتـە لەگەڵ ئەوانەی پێیان دەدرێت.

* ئایەتی (٢١٦ بۆ ٢١٨) دوای ئەوەی باسی بەخشینی کرد کە جیهادە بە سەروەت و سامان، دەچێتە سەر جیهاد بە نەفس، کە تێکۆشانە لەپێناوی خودادا، کە لە مانگە حەرامکراوەکاندا کوشتار حەڵاڵ نەبوو، خودا حوکمی کوشتار لەو مانگانەدا دەخاتە ڕوو، کە پرسیاری سێیەمی هاوەڵانبوو لە پێغەمبەری خودا.

* ئایەتی (٢١٩) باسی پرسیاری چوارەم دەکات: دەبارەی مەی و قومار، دواتر باسی پرسیاری پێنجەم دەکات: دەربارەی ئەندازەی بەخشینی سوننەت.

* ئایەتی (٢٢٠ و ٢٢١) باسی پرسیاری شەشەم دەکات، کە دەربارەی منداڵانی بێباوکە، خودا ئامۆژگاریان دەکات بەوەی تێکەڵاویان ببن و چاک بن بەرانبەریان، دواتر ڕێگری دەکات لەوەی هاوسەرگیری بکرێت لەگەڵ موشریکەکاندا.

**ئایەتی ٢٢٠ بـۆ ٢٤٢ باسی خێزان و حوکمەکانی دەکات.**

* ئایەتی (٢٢٢ بـۆ ٢٢٥) پرسیار حەوتەم باس دەکات، کە باسی سووڕی مانگەی ئافرەتانە، ئەوەیش دەخاتە ڕوو نابێت پیاو سەرجێی لەگەڵدا بکات هەتا پاک دەبێتەوە و خۆی دەشوات. دواتر باسی سوێندخواردن دەکات، کە نەیکەینە ڕێگرێک لەکاری خێر و چاکە، هەروەها ئەو سوێندانەمان لەسەر هەژمار نییە کە لەدڵەوە نییە...

* ئایەتی (٢٢٦ بۆ ٢٢٨) باسی حوکمی (الإیلاء) دەکات، **الإیلاء:** بریتیـە لەوەی پیاو سوێند بخوات چوار مانگ زیاتر نەچێتە لای خێزانەکەی. ئەمەیش سوێندێکی تایبـەتە و خودا دوای سوێندە گشتیەکـە باسی کرد، دواتر ئایەتەکان دەچنە سەر باسی تەڵاق.

* ئایەتی (٢٢٩ و ٢٣٠) سەرەتا باسی تەڵاقی ڕەجعی دەکات، کە پیاو دەتوانێت خێزانەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ ژێر ڕکێفی خۆی، دواتر باسی خولع دەکات، دواتر باسی تەڵاقی سێیەم و کۆتایی دەکات.

* ئایەتی (٢٣١ و ٢٣٢) حەرامە بەجۆرێک لەجۆرەکان ئازاری ئافرەت بدەیت بەوەی بینێریتەوە بۆ ماڵی باوکی کە عیددەی لەتەواوبوون نزیکبوویەوە بیگەڕێنیتەوە، بە نیەتی ئەوەی ئازاری بدەیت، دواتر حەرامە ڕێگری لە ئافرەت بکرێت بگەڕێتەوە بۆ لای مێردی خۆی یان هاوسەرگیری نوێ بکات...

* ئایەتی (٢٣٣) کە خودا باسی حوکمی هاوسەرگیری و تەڵاقی کرد، دەشێت منداڵ لەنێوانیاندا هەبێت، لێرەدا خودا وەسیەت دەکات بۆ ئافرەتان باشبن بۆ منداڵەکانیان، لەسەر باوکەکانیش پەیوەست دەکات خەرجی ئافرەتەکە بدەن لەکاتی شیرداندا...

* ئایەتی (٢٣٤ و ٢٣٥) لێرەدا عیدەی ئەو ئافرەتە دیاری دەکات کە مێردەکەی مردووە، کە بریتیە لە چوار مانگ و دە ڕۆژ، نابێت لەو ماوەیـەدا هاوسەرگیری بکات، دروستە بە ئاماژە پێی بوترێت و بەڕاشکاوی دروست نییە...

* ئایەتی (٢٣٦ و ٢٣٧) باسی مافی ئەو ئافرەتەکە دەکات کە مارەکراوە و پێش گواستنەوە تەڵاق دراوە، دەبێت نیوەی مارەییەکی پێ بدرێت...

* ئایەتی (٢٣٨ و ٢٣٩) لەم میانەدا و لە باسی ئایەتەکانی تەڵاقدا خودا فەرمانمان پێ دەکات پارێزگاری لەنوێژەکانمان بکەین، چونکە ئەگەر خێزان پارێزگاری لەنوێژەکانیان بکەن، ئەوا دەستیان گرتووە بە گەورەترین هۆکاری ئارامبوون و بەختەوەربوونیان.

**ئایەتی ٢٤٣ بـۆ ٢٥٣ باسی چیرۆکی تاڵوت و جالوت دەکات.**

* ئایەتی (٢٤٣ بۆ ٢٥٣) دوای ئەوەی ئایەتەکانی پێشوو باسی چاکسازی کرد لە کۆمەڵگای بچووکدا کە خێزانە، ئەم دە ئایەتەیش باسی چاکسازی دەکات لە کۆمەڵگای گەورەدا بە هاندانیان بۆ جیهاد بە نەفس و سەروەت و سامان...

* ئایەتی (٢٤٦) دوای ئەوەی خودا باسی واجبوونی جیهادی کرد، چیرۆکی تاڵوت و جالوت دێت وەک نموونەیەک بۆ جیهادکردن ( چیرۆکی گەلێکی بەنی ئیسرائیل ئەو دەمەی جیهادیان لەسەر پێویست کرا وەک چۆن خۆیان داوایان کردبوو، لێی دواکەوتن و ترسنۆکبوون کەمێکیان نەبێت).

* ئایەتی (٢٤٧ و ٢٤٨) کە داوایان لە پێغەمبەرەکەیان کرد خودا پاشایەکیان بۆ دیاری بکات بۆ ئەوەی لەگەڵیدا جیهاد بکەن، خودا تاڵوتی بۆ دیاری کردن، پەڵپیان گرت بەوەی خۆیان لەپێشترن لە ئەو، خودا وەڵامی دانەوە، دواتر پێغەمبەرەکەیان نیشانەیەکی بۆ باسکردن کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی خودا ئەوی دەستنیشان کردووە...

* ئایەتی (٢٤٩) دەرچوونی تاڵوت و سەربازەکانی و تاقیکردنەوەیان بە ڕووبارێک، دواتر گەیشتن بە جالوت و سەربازەکانی، لێرەدا ئەوانەی ئیمانیان لاوازبوو ترسان و باوەڕدارە ڕاستگۆکان جێگیر و دامەزراوبوون.

* ئایەتی (٢٥٠ بۆ٢٥٢) تاڵوت و سەربازەکانی ڕوودەکەنە خودا و دوعا دەکەن، خودایش سەری خستن، داوود جالوتی کوشت، دوای تاڵوت خودا پاشایەتی و پێغەمبەرایەتی پێ بەخشی...

**ئایەتی ٢٥٤ بۆ ٢٦٠ باسی بە مەزنداناني خودا و تەوحید دەکـات.**

* ئایەتی (٢٥٣ و ٢٥٤) خودا باسی زۆرێک لە پێغەمبەران دەکات، دواتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە هەندێکیان فەزڵیان هەیە بەسەر هەندێکیاندا، دواتر باسی بەخشین دەکات و خەڵکی هان دەدات ببەخشن کە جیهادکردنە بە سامان... کە باسی شەفاعەتیش دەکات ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هیچ کەسێک ناتوانێت شەفاعەت بکات هەتا خودا مۆڵەتی نەدات...

* ئایەتی ٢٥٥ (آية الكرسي) گەورەترین ئایەتی قورئانی پیرۆز، ئایەتی ٢٥٦یش باسی ئەوە دەکات زۆرەملێ نییە لەدیندا، دواتر باسی ئەوە دەکات واجبە کوفر بە طاغوت بکرێت و ئیمان بە خودا بهێنرێت...

* ئایەتی (٢٥٧ و ٢٥٨) دواتر خودا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە وەلی ئەوانەیە باوەڕیان هێناوە، طاغوتیش وەلی بێ باوەڕانە، دواتر باسی موناقەشەی نێوان ئیبراهیم و نەمرود دەکات، کە پێغەمبەر ئیبراهیم نموونەی ئیمانە، نەمردویش نموونەی طاغوتە...

* ئایەتی (٢٥٩) باسی چیرۆکی ئەو پیاوە دەکات کە خودا ١٠٠ ساڵ مراندی و دواتر زیندووی کردەوە، ئەوە دەسەلەمێنێت خودا بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا، لەوانەیش زیندووکردنەوەی مردووە...

• • •

**ئایەتی (٢٦١ بۆ ٢٨٣) خێرکردن بەڵگە و نیشانەی بەندایەتییە.**

* ئایەتی (٢٦٠ بۆ ٢٦٢) باسی چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم دەکات لەگەڵ مەلەکاندا، کە ئەمیش باسی زیندووکردنەوەی مردووە... دواتر باسی بەخشین لەپێناوی خودا و پاداشتەکەی دەکات.

* ئایەتی (٢٦٣ و ٢٦٤) دوای ئەوەی بانگی کردین بۆ بەخشین، باسی ئەو شتانە دەکات کە بەخشین بەتاڵ دەکاتەوە:

منەتکردن، ئازاردان، ڕووپامایی...ئاگادارمان دەکاتەوە لەو شتانە...

* ئایەتی (٢٦٥ و ٢٦٦) دوای باسکردنی بەخشین و خێرکردن، خودا دوو نموونە باس دەکات، یەکەم ئەوانەی ئیخلاسیان هەیە لەبەخشیندا، دووەم ئەوانەی بۆ ڕووپامایی دەبەخشن و منەت دەکەن و هەژارەکە ئازار دەدەن، بەراورد دەکات لەنێوان هەردوو دەستەکەدا...

* ئایەتی (٢٦٧ بۆ ٢٦٩) دوای ئەوەی خودا ئەوەی باسکرد کە دەبێت کەسی بەخشەر ئیخلاسی هەبێت بۆ خودا و دووربێت لە ڕیا، لێرەدا جۆری ئەو ماڵە باس دەکات کە دەبەخشرێت، دەبێت تازە و چاک بێت نەک کۆن و بێکەڵک. دواتر ئەوە باس دەکات کە لەکاتی بەخشیندا شەیتان مرۆڤەکان بە هەژاربوون دەترسێنێت...

* ئایەتی (٢٧٠ و ٢٧١) خودا باسی ئەوە دەکات هەرچی ببەخشن ئاگادارە پێی و پاداشتیان دەداتەوە، دواتر سەرپشکیان دەکات لەوەی بە ئاشکرا ببەخشن یان بە پەنهانی، لەگەڵ ئەوەشدا پەنهانیەکە بە باشتر دادەنێت چونکە دوورە لەڕیا...

* ئایەتی (٢٧٢ بۆ ٢٧٤) لەکۆتایی باسی بەخشیندا خودا ئەوە ڕوون دەکاتەوە هەر کەسێک کە دەبەخشێت لە حەقیقەتدا دەبەخشێت بەخۆی و سوودی بۆ خۆی دەبێت، چونکە لەدونیا و قیامەتدا پاداشتەکە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، دواتر باسی ئەو جۆرە کەسانە دەکات کە خێریان پێ دەکرێت و کامەیان لەپێشترن بۆ ئەوە...

**ئایەتی ٢٧٥ بۆ ٢٨٤ باسی ڕیبا و قەرزکردن دەکات**

* ئایەتی (٢٧٥ بۆ ٢٧٧)باسی ئەو کەسانە دەکات هەژاری کەسەکان دەقۆزنەوە و بە ڕیبا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، دواتر خودا حەرامێتی ڕیبا دەخاتە ڕوو، بەرەکەت لە خێر و بەخشین دایە و ڕیبا بێ بەرەکەتە...

* ئایەتی (٢٧٨ بۆ ٢٨١) خودا هەڕەشەی جەنگ دەکات لەدژی ڕیباخۆرەکان، دواتر باسی فەزڵی ئەوانە دەکات مۆڵەتی قەرزارەکان دەدەن، دواتر ڕۆژی قیامەت دەخاتەوە یادمان... ئایەتی ٢٨١ کۆتا ئایەتی قورئانی پیرۆزە لەڕووی دابەزینەوە.

* ئایەتی (٢٨٢) دوای باسکردنی ڕیبا و مەترسیەکانی، لەم ئایەتەدا باسی قەرزدان دەکات، ئەم ئایەتە درێژترین ئایەتی قورئانی پیرۆزە، داوامان لێ دەکات کە قەرزمان دا بە کەسێک بینووسین، جا قەرزەکە کەم بێت یان زۆر، لەکاتی کڕین و فرۆشتندا شایەتی هەبێت، هەروەها زیان نەدرێت لە نووسەری قەرزەکە و شایەتەکان، دواتر فەرمانمان پێ دەکات تەقوای خودامان هەبێت...

* ئایەتی (٢٨٣ و ٢٨٤) ئایەتی پێشوو فەرمانی بەوەکرد کە قەرزدرا بە کەسێک بە نووسین بنووسرێت یان شایەت هەبێت لەسەری، لەم ئایەتەدا باسی ئەوە دەکات ئەگەر هیچ یەکێک لەوانە نەبوو دەتوانێت بارمتەیەک وەربگرێت (ڕەهن)، ئەوەیش ڕوون دەکاتەوە قەرزەکە ئەمانەتێکە لە ئەستۆی قەرزارەکە و پێویستە لەکاتی دیاریکراودا بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەن قەرزەکە.

ئایەتی ٢٨٤ باسی فراوانی زانست و دەسەڵاتی خودا دەکات.

* ئایەتی (٢٨٥ و ٢٨٦) کە ئایەتەکانی پێشوو دابەزین، بەلای هاوەڵانەوە قورس و گرانبوو، وتیان: ناتوانین... پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: دەتانەوێت وەک ئەهلی کیتاب بڵێن: بیستمان و سەرپێچیمان کرد؟ وتیان: بیستمان و گوێڕایەڵیمان کرد. دواتر خودا ئەم دوو ئایەتەی دابەزاند...

﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ
رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِنَاۚ
رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلۡنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ وَٱعۡفُ عَنَّا وَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَآۚ
أَنتَ مَوۡلَىٰنَا فَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٨٦﴾

پەروەردگارا،

ئەگەر شتێکمان لە بیرچوویەوە یان هەڵەیەکمان کرد لێمان مەگرە،
ئەی پەروەردگاری هەمووان،
ئەرکی ئەوەندە گران مەخە سەرشانمان
وەک ئەوانەی پێش ئێمە لەسەریان بوو...

پەروەردگارا،

ئەرکی وامان پێ مەسپێرە کە لە توانامان بەدەر بێت،
هەر خۆت لێمان ببورە و بەر بەزەیی خۆتمان بخە و بمان بەخشە،
هەموو کاروبارێکی ئێمە بە دەستی تۆیە،
سەرمان بخە بەسەر ئەوانەی ناتناسن...

## ناوەڕۆك

پێشەکی............................................................................٧
تایبەتمەندییەکانی سوورەتی بەقەرە ....................................................٩
بەشێک لە فەزڵەکانی سوورەتی بەقەرە .............................................١٠
ناوەکانی سوورەتی بەقەرە.........................................................١٢
چۆن ببینە ئەهلی سوورەتی بەقەرە و لەوانە بین کە کاریان پێی کردووە.....١٣
سوورەتی بەقەرە فێری کردم.........................................................١٧
چەند پرسێکی گرنگ سەبارەت بە سوورەتی بەقەرە .........................٢٢
چەند ئەزمونێک لەگەڵ سوورەتی بەقەرەدا ....................................٩٠
چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەوانەی بەنیازن دەست بکەن بە لەبــەرکردنی قورئـــانی پیـرۆز، یـــان بەنیـازی لەبەرکردنی ســـوورەتی بەقەرە .٩٦
ئەم زیکرانە زۆر بڵێرەوە.........................................................٩٨
سەڵاواتی ئیبراهیمی ...........................................................١٠٠
چەند سوودێکی تری سەڵاوات..................................................١٠٤
چەند سوودێکی سوورەتی (الفلق والناس) ....................................١٠٦
چەند وتەیەک لەسەر نوێژی بەیانی ..........................................١٠٩
بۆچی نوێژ باشترە لەخەو (الصلاة خير من النوم)؟!........................١١٢
بۆ لەبەرکردن و جـوان تێگەیشتن لەسوورەتی بەقەرەدەتوانیت سود لەم خشتە ببینیت........................................................١١٣